# نامدار قەرەداغی:

## حەزم دەکرد خزمەتەکانم لە کوردستان بۆ منداڵانی کورد بن.. لە ئەوروپاش هەوڵمان دەدا مۆسیقای کوردی بە شێوەی کلاسیک پێشکەش بکەین.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٢ - ٣)



* نامدار عومەر عەبدولڕەحمان، کە لە کوردستان بە نامدار قەرەداغی ناسراوە، هونەرمەندێکی دیاری بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری هونەری موزیک بووە، سەرەتا بە شمشاڵ و تەپڵی شەربە دەستی پێ کردووە. لە ساڵانی شەستەکاندا بە ڕێکەوت ئامێرێکی کەمان لە دوکانی فرۆشتنی پۆشاک، لەلای هونەرمەندی ناسراو (عومەر عەلی ئەمین) دەبینێ و بە نۆ دینار و نیو لێی دەکڕێ، لێرەوە گۆڕانێکی گرنگ و بنەڕەتی لە ژیانی هونەریی ئەودا دروست دەبێ. ئەم وەرچەرخانە لەو کاتەوە ڕوودەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کە ئەوسا هونەرمەند شەوکەت ڕەشید سەروکاری ئەو تیپی مۆسیقایەی کردووە، دوای ماوەیەک دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، بۆیە هەموو ڕۆژێک هاتوچۆیان دەکات و لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خەریکی ڕاهێنان دەبێ، زۆر نابات دەبێتە جێگری (شەوکەت ڕەشید)ی سەرۆکی تیپەکە، دوای نزیکەی دوو ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ، لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەو ڕۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی تیپەکە بەڕێوە دەبات و گۆرانی بۆ هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی ئامادە و دابەش دەکا، ئاوازیشی بۆ هەندێکیان داناوە.

* چەند ساڵێک لەو تیپەدا دەمێنێتەوە،

تـا دەگاتــە ســاڵی ١٩٧٧ کارێکــی زۆر دەکات، بـەڵام لـەم ســاڵە بـەدواوە، وەک یەکێـک لـە دامەزرێنەرانــی تیپــی مۆســیقای مەولــەوی، بـە هەڵبــژاردن دەبێتــە ســەرۆکی تیپەکـە، بۆیـە لـە ســاڵی ١٩٧٧ــەوە تــا ســاڵی ١٩٨٢، هەرچــی کار و چالاکییەکــی هونەریــی ئــەو تیپــە هەیــە جێبەجێیــان دەکات، ئــاواز بــۆ گۆرانیبێــژەکان دادەنـێ و گۆرانییـان بـۆ ئامـادە و دابـەش دەکات، بەوەشـەوە ناوەسـتێ، کـە لـە قوتابخانـەی بێخـود دەبێتـە مامۆسـتا، تیپێـک بەنـاوی (تیپـی منداڵانی بێخـود) دادەمەزرێنێـت و نزیکـەی (٧٠) منـداڵ لـەو تیپـەدا کـۆ دەکاتـەوە، هـەر لـە ڕێگـەی ئـەو تیپــەوە خزمەتێکــی بەرچــاو بــە منداڵانــی کــورد دەکات، بەهــۆی ئــەو تیپەشــەوە دەیانهێنێتــە نێــو دنیـای هونـەرەوە، ئیـدی لـەو ڕۆژەوەی لـەم تیپەدا دەسـت بـەکار دەبـێ، خزمەتێکـی زۆری هونـەری کــوردی دەکات.

* ئـەم هونەرمەنـدە کـە بەهـۆی وەزیفەکەی باوکییـەوە لـە شـاری هەڵەبجـە، لـە سـاڵی ١٩٥١ لەدایـک بـووە، دوای سـاڵێک، بـە ماڵـەوە دێنـەوە سـلێمانی، هــەر لــەو شــارەدا دەخرێتــە بــەر خوێنـدن، خوێندنـی سـەرەتایی لـە قوتابخانەکانی: (فەیســەڵییە) و (بێخـود) و (ئەمیـن زەکـی)، لـە ســاڵانی ١٩٥٧ تـا ١٩٦٣ تـەواو کـردووە، هـەر لـە سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٦، خوێندنی ناوەنـدی تـەواو دەکات، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٦٦ تـا ١٩٦٩، لـە خانەی مامۆسـتایانی سـلێمانی دەخوێنێ، هـەر لـەو سـاڵەدا پێوەنـدی بـە (کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کوردی)یـەوە دەکات. سـاڵی ١٩٧٧، کـە تیپــی مۆســیقای مەولــەوی دادەمەزرێنــێ، لـە پـاڵ کارەکانـی خـۆی لـەو تیپـەدا، لـە ١٩٧٧/٥/٢٠ تیپـی منداڵانــی بێخــود دادەمەزرێنــێ، تیپــی مەولــەوی کـە لـە شـەقامی مەولـەوی، لەنـاو بیناکـەی تۆفیـق



نامدار قەرەداغی- ئازاد عەبدولواحید

قـەزاز بـووە، بـە درێژەپێـدەری تیپەکـەی کۆمەڵـی هونــەر و وێــژەی کــوردی دادەنــرێ، کــە ڕێـک لـە ١٩٦٩/١٢/٣١ دامــەزراوە، بۆیــە ئەندامەکانــی تیپــی مەولـەوی، هـەر ئـەو ئەندامانـەن کـە پێشـتر لـە تیپی مۆسـیقای کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی لەگەڵـی بــوون، ئیتــر ئــەم تیپــە نوێیــە دادەمەزرێنــن، کــە پێشــتر ئەندامەکانــی بــە هــۆکاری بوونــی گرفتــی کارگێـڕی و هونـەری، لـە تیپەکـەی پێشـوویان جیابوونەتــەوە و تیپێکــی ســەربەخۆی نــوێ، بــە نـاوی تیپـی مۆسـیقای مەولـەوی دادەنێـن.

* بیرۆکـەی دروسـتکردنی ئـەو تیپـە، لـە سـەرەتای ســاڵی ١٩٧٧ــەوە لەلایــان چەکــەرەی کــردووە، لەوکاتــەوە کەوتوونەتــە خۆیــان بــۆ وەرگرتنــی مۆڵەتــی فەرمــی بــۆ تیپــە نوێیەکەیــان، دوای ئــەو هەوڵـە بەپێـی نووسـراوی کارگێـڕی کـە لـە وەزارەتـی ڕۆشــنبیری و هونــەرەکان- فەرمانگــەی کاروبــاری کارگێــڕی- بەڕێوەبەرێتیــی پێوەندییــە گشــتییەکان - ژمــارە ١١٦٢٤، لــە ١٩٧٨/٦/٨ و نووســراوی ئەمینداریێتیــی گشــتی ڕۆشــنبیری و لاوان، ژمــارە ٣٦٦٥ لــە ٢٠/ ١٩٧٨/٦، نووســراوی بەڕێوەبەرێتیــی ڕۆشــنبیری جەمــاوەر لــە ســلێمانی، بــە ژمــارە ٥٥٨ لـە ١٩٧٨/٦/٢٥، مۆڵەتەکـە دەرچـووە. ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەری تیپـی مۆسـیقای مەولـەوی (٥)

کەسن، لە سەرووی هەموویانەوە (نامدار عومەر عەبدولڕەحمان قەرەداغی، ولیەم یۆحەننا خنانیشۆ، عەلی حەمەڕەزا، عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری، مستەفا عەبدولڕەحمان) بوون. دوای وەرگرتنی مۆڵەتەکە، ئەندامی نوێ وەردەگرن. ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی، یەکەمین هەڵبژاردنی تیپەکەیان دەست پێ دەکات، لەو هەڵبژاردنەدا نامدار عومەر قەرەداغی دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، حسێن ئەحمەد خدر دەبێتە سکرتێر، عەلی حەمەڕەزا دەبێتە ژمێریار، حەمەسەعید عەبدوڵڵا و سەلاح مەجید ڕەسووڵ دەبنە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، مەحموود محەمەدسەعید و عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری دەبنە ئەندامی یەدەگ.

* تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و تیپی مەولەوی و تیپی منداڵانی (بێخود)، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ـەوە تا ئێستا لە زۆربەی ئاهەنگەکانی بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی بەشدار بوون. ساڵی ١٩٧٤ لە یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی لە بەغدا، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بەشدار بووە، چالاکییەکانیان هەر بە شارە گەورەکانی کوردستان نەوەستاوە، بگرە زۆرجار ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقایان بردووەتە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەوانە: هەڵەبجە، دەربەندیخان، قەرەداغ، چوارتا، قەڵادزێ، عەربەت و تاد.. لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە بەناوی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، دواتر لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا بەشدارییان کردووە، بێجگە لە ئاهەنگە بەردەوامەکانیان لە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دەورووبەری، بەردەوام لە شاری هەولێر و کەرکووک و بەغدا و مووسڵ ئاهەنگیان گێڕاوە.

* لە شاری سلێمانی، لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا هاوکاریی مەڵبەندی لاوانی سلێمانی، کارگەکانی جگەرە و شەکر، یەکێتیی مامۆستایان – لقی سلێمانی، یانەی فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی و سەندیکای ئەندازیارانی سلێمانی و منداڵانی بێ دایک و باوک هەتیوخانە – (میتم)یان کردووە، تەنانەت لە سلێمانی ئاهەنگیان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سیل گێڕاوە، ئەم کارانە نیشانەی بوونی گیانی هاوکاری و پێکەوەیین کە بە فراوانی و لەسەر هەموو ئاستەکاندا، لەگەڵ تیپەکانی ناو شاری سلێمانی، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی هونەری کوردی بووە، لەم ڕووەوە هیچ درێغییان نەکردووە و دەستی هاوکارییان بۆ هەر تیپێک درێژ کردووە کە داوای یارمەتییان لێیان کردبێ، هەمیشە نموونەی هاوکاریی نێوان هونەرمەندەکان و تیپەکان بوون، هەموو ئەوەشیان هەڵقوڵاوی گیانی نەتەوەیی بووە و لەپێناوی بووژانەوە و بەرەوپێشبردنی زیاتری هونەری کوردی، ئەو کارانەیان کردووە.

* نامدار قەرەداغی، هەر لە ساڵی ١٩٦٩ـەوە کە پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە کردووە، سەرەتا وەک کەمانچەژەنێک، دواتر وەک ئاوازدانەر و ئامادەکار و دابەشکار، کاری پەروەردەیی و کارگێڕیشی کردووە. ساڵی ١٩٧٢ سەرەتا بە گۆرانییەک بۆ هونەرمەند عوسمان عەلی دەستی پێکردووە و (شەوی بەرات)ی بۆ ئامادە و دابەش کردووە، دوابەدوای ئەوە گۆرانیی (شەوانی شوان)ی بۆ هونەرمەند سەلاح مەجید ئامادە و دابەش کردووە. هەر لەو سەرەتایەوە (٤) گۆرانی بۆ سەلاح مەجید، (٣) گۆرانی بۆ عوسمان عەلی، (٣) گۆرانی بۆ حەمەی نێرگس، (٣) گۆرانی بۆ کۆرس، (٢) گۆرانی بۆ عوسمان شارباژێڕی، (٢) گۆرانی بۆ حەمە جەزا، (٢) گۆرانی بۆ نیاز نووری، ئامادە و دابەش کردووە،

دواتر کاری بۆ گۆرانیبێژان: ئیبراهیم سەعید، ئاوات فایق، پرتەو عەبدولعەزیز، کاژاو شەوکەت، مەحموود محەمەدسەعید، ئەحمەد محەمەد، نیشتمان محەمەد غەریب، عەلی محەمەدئەمین، ئەحمەد محەمەدڕەشید، حەمەڕەئووف عەبدوڵڵا، عەلی محەمەدئەمین، خەڵات خالید دلێر، کەمال ئەمین، ئاری عارف، پەیمان عومەر، جۆرج ئاشووتی کردووە و بۆ هەریەکەیان گۆرانییەکی ئامادە و دابەش کردووە.

* ساڵی ١٩٧٩ ئۆپەرێتی ڕووبار، کە (ع. ع. شەونم) بە دەستکارییەوە، لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە، ئەم ئاوازی بۆ داناوە و دابەشی کردووە. لە تیپی میللیشدا، ساڵی ١٩٧٨، (٤) گۆرانی بۆ دارا محەمەد هەورامی و (٣) گۆرانی بۆ کەریم خەمزەیی و گۆرانییەکی بۆ هەریەک لە هونەرمەندان عوسمان کەیمنەیی و سیروان هەورامی ئامادە و دابەش کردووە. ئەو گۆرانیانە بەشێکی زۆریان شیعرەکانیان فۆلکلۆرین، ئەوانی دیکەیان شیعری شاعیرانی ناسراوی وەک: مەدهۆش، نووری وەشتی، قادر برسی، عوسمان شارباژێڕی، ماجیدی خەیات، ئەحمەد محەمەد، ڕەووف حەسەن، دڵشاد مەریوانی، شێخ ئەنوەر، شێخ سەلام، سالار قەرەداغی، نامدار قەرەداغی بوون.

* لە بواری کارکردن لە سروودی کوردیدا زۆر کاری جوانی کردووە، چونکە هەر زوو کاریگەری ئەو سروودانەی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە زانیوە. یەکەم جار ساڵی ١٩٨٠، لە سلێمانی بە نهێنی چەندان سروودی نیشتمانی لەلایەن تیپی منداڵانی بێخودەوە بۆ هونەرمەند ناسری ڕەزازی تۆمار کردووە، کە لەو سەردەمەدا خۆی سەروکاری ئەو تیپەی کردووە، پاشان سروودەکان لە ڕادیۆی شۆڕش بۆ هەموو کوردستان بڵاوکراونەتەوە، ئەو سروودانە تا بە ئەمڕۆکەش دەگات ناو بە ناو بڵاو دەبنەوە و کاریگەریی خۆیان بەسەر هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی گوێگرانەوە هەیە، سروودەکانیش بریتین لە (من پێشمەرگەی کوردستانم)، (ئەی شەهیدان)، (دایە ماڵئاوا)، (هیوا هیوا)، (وڕ و کاس و سەرگەردانم)، (تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم)، (کارگەرین جەنگاوەرین)، (سەدەی بیستەمە)، (من ئەو دیلەم)، (ساڵێکی تریش وا داهاتەوە)، (دەمی ڕاپەڕینە) بوون، سەرجەمی ئەو سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی ئەو هونەرمەندە بوون، سروودی (هیوا هیوا)ش خۆی ئاوازی بۆ داناوە و ئامادە و دابەشی کردووە.

* کاتێک بڕیار دەدا بچێتە دەرەوەی وڵات، سەرەتا لەڕێی هاوڕێیەکی خۆی کە لە ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی کاری کردووە، ئەویش بەهۆی چاوساغێکەوە بەرەو ناوزەنگ بەڕێی دەکا، لەوێ یارمەتی دەدەن و بەرەو ئێران دەڕوا، لە ئێران ماوەی چەند مانگێک لە پارکی ئێرەم، خۆی و (١٢) هاوڕێی دەستبەسەر دەکرێن، کاتێ بەڕێکەوت کاوەی شێخ لەتیف بەم هەواڵەی زانیوە، بە ئێرانییەکان دەڵێ ئەوانە عایدی خۆمن، ئەوانیش پێیان دەڵێن لە پارکی ئێرەمەوە بەرەو کەرەج بڕۆن، لەوێ پارکێک هەیە، لەو پارکە، لە ماوەی هەفتەیەکدا مامەڵەیان بۆ تەواو دەکرێ، پێشیان دەڵێن ئەگەر ئەو پیاوە کەفالەتی ئێوەی نەکردبا، نیازمان وابوو تا کۆتایی شەڕی عێراق- ئێران وەک دەستبەسەر لەلای خۆمان گلتان بدەینەوە، پاشان دەدرانە دادگەی شۆڕشی ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لەلای ئێمە پیاوێکی گەورە و پیرۆزە، بۆیە لە ئێوە خۆش بووین و ئێستا دەتوانن بڕۆن، کە ڕۆیشتوون، بەترانزێت شەوێک لە ڕۆمانیا ماونەتەوە و لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانییەوە بەرەو (ئەمستردام)ی پایتەختی هۆڵەندا چووە.

* لە ساڵی ١٩٨٢ کە دەگاتە دەرەوەی

وڵات و وەک پەناهەندەیەک لە وڵاتی هۆڵەندا دەگیرسێتەوە، یەکەم کاری کڕینی کەمانچەیەک بووە، پاش هەفتەیەک تیپێکی گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و نواندن دروست دەکات و ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)ی لێ دەنێ. بە هۆی چالاکییە هونەرییە زۆر و بەردەوامەکانی، لە شارەکانی هۆڵەندا زۆر زوو ناو و ناوبانگ دەردەکەن، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر چالاکی دەنوێنن و بەرنامە پێشکەش دەکەن. ساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵەندا قوتابخانەی مۆسیقای (نامۆ) بۆ منداڵان و گەوران دادەمەزرێنێ، لەم قوتابخانەیەدا تیپی مۆسیقای نامۆ دروست دەکات کە کار و چالاکییەکانی لەو شوێنەدا زۆر و بەرچاون، هەر لەو ساڵانەدا چەندان جار لە تەلەڤزیۆنی (مێد تیڤی) و (ڕۆژ تیڤی) بە لایف پرۆگرام پێشکەش دەکەن. لە هۆڵەنداوە بەشداری لە پێشبڕکێی مۆسیقا دەکەن، هەر ئەو کاتەش دوو ڤیدیۆ کلیپ بۆ منداڵان دەردەکات.

* کارە هونەرییەکانی نامدار قەرەداغی لە ناوەوەی وڵات چەند زۆر و بەردەوامبوون، لە دەرەوەی وڵاتیش هەرگیز لە چالاکیی هونەری دانەبڕاوە و دوور نەکەوتووەتەوە، بۆیە کە گەیشتووەتە ئەوێ، کۆڵی خەمی نەتەوە و هونەر و داهێنانی هەر بە کۆڵەوە بووە، دوای هەفتەیەک کە تیپی هونەری (ئاوارە)ی داناوە، ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٦ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای وەستانی چالاکییەکانی، کە لە ساڵی ٢٠٠١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ ئەو چالاکییانە بەردەوام بوون، لە ماوەی (١٥) ساڵدا لە ڕێگەی تیپی (نامۆ) وە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی داوە، ئیتر بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە، ساڵی ١٩٨٣ تیپی ئاوارە کاسێتێکی سروودی نیشتمانی دەرکردووە، هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە هەر لە ئاوازەوە تا ئامادەکردن و دابەشکردنیان، ئەم هونەرمەندە گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی و جێبەجێی کردوون. دوای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە، ئەم جارە لەگەڵ تیپێکی هۆڵەندیی بەناوی ئێکس دەردەکەون، لەو ماوەیەشدا ئەو تیپە چالاکە بەشداریی چەندان کۆنسێرت و فیستیڤاڵ دەکات و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەورووپا میهرەجان و چالاکیی هونەری و سیاسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩١ کۆنسور ڤاتۆریۆم کە لە هۆڵەندا بەرزترین خوێندنی پراکتیکی مۆسیقایە، بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات، دوای ئەو خوێندنە، لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندا دامەزراوە و لە چەندان قوتابخانەی ئەوێ وانەی هونەری گوتووەتەوە.

* ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٨١ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ کە چووەتە دەرەوە، لە سلێمانی (٢) ساڵ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای هونەرمەندان – لقی سلێمانی بووە. لە دەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٨٣ کاسێتێک بۆ (دەلال)، گۆرانیبێژی کوردی باکوور لە ئەڵمانیا دەردەکات، کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا کاسێتێکی بۆ نووری مام برایم دەرکردووە، کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم کاسێتە شیعر و ئاوازی خۆی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە، سیمفۆنیای هەڵەبجەی داناوە، کە ئاواز و دابەشکردنەکەی هەر هیی خۆی بووە، لە تیپی سیمفۆنیای ڕوچیتی- هۆڵەندا ساڵی ١٩٨٨

پێشکەش کراوە، دواتر کۆراڵی (ئازیز چاوەکەم) و کۆراڵی (گیانی شیرین)، لە هەڵبەستی خۆی و فۆلکلۆر، ئاواز و دابەشکردنی خۆی، لە ڕێگەی تیپی کۆراڵی هلڤەرسوم کۆنسرڤا تۆریۆم پێشکەش کراوە.

* کارە هونەرییەکانی هونەرمەند نامدار قەرەداغی لە دەرەوەی وڵات زۆرن، لەوانە: لە ساڵی ٢٠٠٥، سەرجەم کارە هونەرییەکانی کۆنسێرتێکی هونەریی تیپی هونەری نامۆ لە هۆڵەندا دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەوەبوو کۆنسێرتی یەکەم ٢٠٠٧/١٠/٧، لە هۆڵەندا ئامادە دەکا، کە بریتی بووە لە پارچە مۆسیقای ئاوێزان، ئاواز و دابەشکردنی خۆی و ئۆرکێستی سیمفۆنی هەوایی ڤیلس کراخت ڕادەپەڕێنێ. گۆرانی (بۆ بێدەنگی)، پارچە مۆسیقای چەمی ڕێزان، ئاوازی حەسەنی نەی و ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، هەروەها پێشکەشکردنی سروودی نیشتمانی هۆڵەندی و کوردی کە ئۆرکێستی ڤیلس کراخت، لەگەڵ تیپی مۆسیقای نامۆ پێکەوە پێشکەشیان کردووە، ئەوەش لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. پێشکەشکردنی گۆرانی (هەی بێنن بێنن)، کە شیعر و ئاوازی فۆلکلۆرە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، تارا ڕەسووڵ و نیاز شەیدا گوتوویانە، هەروەسا سیمفۆنیای هەڵبجە لەگەڵ تیپی ئۆرکێستی ڤیلس کراخت، ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە.

* کۆنسێرتی دووەم ٢٠٠٩/١٠/١٠ لە هۆڵەندا (٨) بەرهەمی هونەری لەخۆی گرتووە، لە هۆڵی ستاندس خهۆر زاڵ لایدن پێشکەش کراوە، کە بریتی بووە لە گۆرانی و سروودی نیشتمانی لەوانە: سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب و سروودی نیشتمانی هۆڵەندی بە جیا و پێکەوە، گۆرانی ئەستێرە نەکوژاوەکان (پەیمان عومەر)، گۆرانی (وەرە قوربان)، (ناسری ڕەزازی)، کۆرسی لینگوا میوزیکا، گۆرانی (شیرین هەر لامە)، (نیاز شەیدا)، گۆرانی (شەش پەپوولەکە)، (دڵنیا ڕەزازی)، کۆراڵی لینگوا موزیکا (گەشتێک بەناو گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب)دا، (گەشتێک بەناو گۆرانییەکانی عوسمان عەلی)دا، (دەشتی کەلهوڕی)، گەشتێک بەناو ئاوازە ڕەسەنەکاندا، (ناسرِی ڕەزازی)، سەرجەم ئەو گۆرانی و سروودە نیشتمانیانە، لەلایەن تیپی ئۆرکێستی لایدن سمڤۆنیتا و کۆراڵی لینگوا میوزیکا، لە ئاواز و ئامادە و دابەشکردنی نامدار عومەر قەرەداغی بوون.

* کۆنسێرتی سێیەم لە ٢٠١٢/١١/٢٤، لە هۆڵی ستادس خهۆر زاڵ لایدن لە هۆڵەندا پێشکەش کراوە، لەو کارە هونەریانەش گۆرانی (ناکامی)، وتنی (ئونا سنتینا)، ئۆرکێستی ڕاین لاند سیمفۆنی ئۆرکێست، گۆرانی (من هەم)، وتنی (نەجمەددین غوڵامی)، ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست، کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت. پارچە مۆسیقای بێسنوور، موزیکی ڕۆستینی، مۆزارت، ئەنوەر قەرەداغی، نامدار عومەر قەرەداغی ڕێکی خستوون و لە یەکی داون و دابەش و بە هارمۆنی کردووە. گۆرانی (ئامان میم گورجی)، وتنی (پەیوەند جاف)، ئۆرکێستی ڕاین لاند سیمفۆنی ئۆرکێست و کۆراڵی مۆڵتی کوڵتی کۆر ڕۆتردام. ئۆپەڕێتی (گوڵی خوێناوی)، ئاوازی ڕەفیق چالاک، ئۆرکێستی ڕاین لاند، سیمفۆنی ئۆرکێست و کۆراڵی مۆڵتی کوڵتی کۆر ڕۆتردام کە سەرجەم ئەو کارانە نامدار قەرەداغی سەرپەرشتی و ئامادە و دابەشی کردوون. کۆنسێرتی چوارەم لە ٢٠١٣/١١/٢٤، گۆرانی (گەشتی هەورامان)، وتنی کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت، ئۆرکێستی

نامۆ لە هۆڵەندا. گۆرانی (زەماوەندە)، وتنی (پەیوەند جاف)، لەگەڵ ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست و کۆڕاڵی کەنتیامۆ دیڵفت. گۆرانی (شیرینێ)، وتنی شاخەوان هەڵەبجەیی و ولیسا ڤان ئارند. ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆڕاڵی کەنتیامۆ دیڵفت.

* لەو دوورەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش پێشمەرگەی لەبیر نەکردووە و دڵی لەلایان بووە، بۆیە کۆنسێرتی ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٥ی بۆ پشتگیری پێشمەرگە، لە شەڕی دژ بە داعش تەرخان کردووە، ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆڕاڵی فۆکاڵ ئەنسەمبڵە ئەلەخریا، گۆرانی (ئاڵاپۆش)، کە لە شیعری ئەحمەد محەمەدە و بۆ پێشمەگەی نووسیوە، بە تایبەتی داویەتی بە ئەوان، وتنی مارتین ڤان ئۆس و ئێلن ڤان ئۆس، لەگەڵ پێشکەشکردنی سروودەکانی (ئەی شەهیدان، ئەی ڕەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، وا وەتەن خەملّیوە، خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، خوایە وەتەن ئاواکەی)، کە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بوون، ئەمەش دوا کۆنسێرتی بووە لە ئەورووپا پێشکەشی کردبێ، دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و درێژەی بەکار و چالاکییە هونەرییە جیاواز و تایبەتەکانی خۆی داوە.

* لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦، لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە شاری سلێمانی فێرگەیەک دادەمەزرێنێ و ناوی دەنێ (فێرگەی نامدار قەرەداغی بۆ فێرکردنی مۆسیقا)، کە بە فەرمی لە ٢٠١٧/٢/٤ کراوەتەوە. ئەم فێرگەیە چەندان چالاکی بۆ منداڵپارێزی کوردستان و کەمپی عەربەت و نەخۆشخانەی هیوا پێشکەش دەکات، فێرگەکە بێجگە لە سلێمانی، دەیان کۆنسێرتی هونەریی ڕەسەنی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردووە لەوانە: هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، هەروەها ئەم فێرگەیە لە زۆر چالاکیی هونەری و لە بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانیدا بەشداری کردووە و بەلایڤ لە زۆر کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرنامەی پێشکەش کردووە، تا ئێستاش لەسەر ئەو کار و چالاکی و بەرنامانەی بەردەوام بووە.

* لەمێژە وەک هونەرمەندێک شوێن پێی کار و چالاکییە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەم هەڵگرتووە و ئاگاداری ئیشەکانی هەم، دوای ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لە سلێمانی گیرسایەوە و فێرگەیەکی بە ناوی خۆیەوە دانا، لەوساوە ویستوومە هەلێک بدۆزمەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم و ئەو مێژووە پڕ لە سەروەری و چالاکی و بەخششە زۆرە بەسەر بکەمەوە، ئەوە بوو پێرار (٢٠٢٤) توانیم ئەو ئەرکە ڕۆژنامەوانییە لە شاری سلێمانی بەجێ بگەیەنم و لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەمەوە. با بە یەکەوە گەشتێک بەناو چالاکی و بیروڕایەکانیدا بکەین و سەرێک بەناو ئەو وێستگانەدا دابگرین و ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی شەنوکەو بکەین.

**سەرنج:**

وەک پێشتر گوتبووم، ئەم گفتوگۆ بەرفراوانەم لەگەڵ هونەرمەند نامدار قەرەداغی، لە ساڵی ٢٠٢٤ تەواو کردووە، پار لە ژمارە (٣٢٨)ی ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/٥، بەشی یەکەمی لێ بڵاوکرایەوە، لە ژمارە (٣٣٢)ی ڕۆژی ٢٠٢٦/٦/٥، بەشی پێنجەمی لێ بڵاوکرایەوە، (٣) بەشی گفتوگۆکەمان مابوو کە بڵاوبوونەوەیانم ڕاگرت، بە ئومێدی ئەوەی هەموو هەڤپەیڤینەکە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی جارێ سپۆنسەرێک بۆ چاپی کتێبەکە پەیدا نەبووە، بۆیە بڕیارم دا ئەو بەشانەی دیکەش بڵاو بکەمەوە، کە زیاتر باسی چالاکییەکانی هونەرمەندە لە ئەورووپا، تا ئەو ڕۆژەی لە ساڵی ٢٠١٦ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە فێرگە تایبەتەکەی، لەسەر کار و چالاکییەکانی بەردەوام بووە.

**ڕامان:** دیارە لەگەڵ ئەو دەنگخۆشە، لە زووەوە یەکترتان ناسیوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕاستیت دەوێ من ئەوم نەدەناسی، زیاتر ئەو منی ناسیوە، هەر ئەویش منی ناسییەوە، هەواڵی بۆ ناردم کە دەنگی خۆشە و دەیەوێ شریتێک دەربکا، ئەوە بوو دەنگی خۆی بۆ ناردم، بە باشی گوێم لێ گرت، دەنگی خراپ نەبوو. گوتی حەز دەکەم بێی بۆ کەنەدا و شریتێک دەربکەین، منیش چووم بۆ کەنەدا، لەوێ ستۆدیۆیەکی گرت کە لەناو ماڵێکدا بوو، کارەکەم بۆی جێبەجێ کرد.

**ڕامان:** ئەو چوونەت بۆ کەنەدا ئاسان بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەو کاتە پاسپۆرتم هەبوو، ئاسان بوو، دەعوەتی کردم و چووم، لەوێ بە تراک تراک (تاک تاک) شریتێکم بۆی تۆمارکرد، هەموو گۆرانییەکان پێشەکییان بۆ دانێ و پێی (ئەزبەر) لەبەر بکە و بیڕازێنەوە، خۆشم تەپڵ و کەمانم بۆی لێ دا، هەر خۆم کیبۆردم لێ دەدا، وەکوو تیپێکم لێ کرد، ئەوەش بە کاسێت بڵاوبووەوە، شتێکی باش بوو، لە ئەورووپا ئەوەشم کردووە.

**ڕامان:** تۆ کە لە ئەورووپا بەشداریی زۆر چالاکیت کردووە، لە زۆر وڵاتاندا کارت کردووە و گەڕاوی، کام لەو وڵاتانە پتر لەلات جێگەی سەرنج بووە؟ لە کام وڵاتدا کارەکانت زیاتر دەنگ و سەدایان هەبووە، یان لە کاری ئەوێت ئاسوودە بووی و پێت خۆش بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** لە کارکردن بۆ تەلەڤزیۆنەکان، لە هەموویان ئاسوودەتر دەبووم، چونکە ئەو کارانە خەڵکێکی زۆر دەیانی بینی و زۆر دەنگیان دەدایەوە، ئەو کارانە دەنگدانەوەیان بۆ ئەورووپا و بۆ کوردیش زۆر گەورە بوو.

**ڕامان:** ئەی کۆنسێرت و ئاهەنگەکانتان لەلای خەڵکی ئەوێ چۆن دەکەوتنەوە و چۆن پێشوازییان لێ دەکرا؟

**نامدار قەرەداغی:** من باسی کۆنەکان دەکەم، لە نوێیەکاندا هەر هەموو کۆنسێرتەکانمان باش بوون، لە یەکێک لە کۆنسێرتە نوێیەکاندا بە جارێک نزیکەی ٢٠٠ کەس بچنە سەر شانۆ، ئاخر تیپی نامۆ کە خۆشمی تێدایە، لە هۆڵی کۆنسێرتی ناوداری هۆڵەندی، کۆنسێرتەکە کراوە، نەک لە هۆڵێک و شوێنێکی سادە کرابێ، ٢٠٠ کەس بە زمانی کوردی، بە مۆسیقای کوردی، بە شێوەی سیمفۆنیایی و کۆڕاڵی ئەورووپی، لەگەڵ منداڵانی کورددا پێکەوە کارەکان بکەن، کە بەشێک لە ماددەکان پێکەوە کرابوون، سەرەتا بە جیا جیا دەیانکردن، لە دواییدا تیپەکان تێکەڵ دەبوون، ٢٠٠ کەس لەسەر شانۆ بێت، ئاڵای کوردستان بەرز بکرێتەوە، سروودی «ئەی ڕەقیب» لێدەن، کە بە دەستی ئازاد زەهاوی تیپی سیمفۆنیی ئەورووپی و هۆڵەندی لێیان دا، بە دەفی زەهاوییەکان.

**ڕامان:** دیارە ئەوەش برای (هەژار زەهاوی)یە، ئەوەیان ناوی چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوەیان ئەمری خوای کرد، ئەویش دەفی لێ دەدا، (هاوار)ی ناو بوو، لەگەڵ برایەکەی دیکەی ئازاد زەهاوی، لە هەموو کۆنسێرتێکمان بە تەپڵ و زەڕبەوە دەهاتن، لەناو تیپە سیمفۆنییەکان دادەنیشتن، زەڕب و تەپڵ بۆ ناو تیپی سیمفۆنی، لەناو کۆڕاڵدا بە تێکەڵی، بەم جلە کوردییانەوە، بەم بارودۆخەوە ئەی ڕەقیب بگوترێ و لێ بدرێ و ئاڵای کوردستان بەرز بکرێتەوە، ئەمە زۆر گرنگە و کارێکی کەم نییە.

**ڕامان:** ئێوە سروودی (ئەی ڕەقیب)تان وەک خۆی پێشکەش کردەوە، یان گۆڕانکارییەکتان

لە مۆسیقا و دابەشکردنەکەیدا کردبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** من هاتم شتێکی دیکەم کرد، (ئەی ڕەقیب)م وەکوو سڵاوی کۆماریی کوردی هێنا، سڵاوی کۆماریی هۆڵەندیشم هێنا، لە پێشدا گوێت لە سڵاوی کۆماریی هۆڵەندییە، ئاڵای هۆڵەندا بەرز دەکرێتەوە، ئەوجا بەبێ ئەوەی هیچ وەستانێکی تێدا بێ، سڵاوی کۆماریی کوردیم، بە شێوەی هارمۆنی بە «ئەی ڕەقیب» بەستەوە، ئەمان بە مۆسیقا نا، بە تیپە سیمفۆنییەکەوە، بە شیعرەوە سڵاوی کۆماریی خۆیان بە گۆرانی دەڵێن، ئەگەر گوێت لێ بێ، یەکسەر دەبێتەوە بە کوردی، (ئەی ڕەقیب) لێ دەدرێ و دەگوترێتەوە.

**ڕامان:** ئەوانە کێن، تەنیا هۆڵەندی، یان ئەوروپاییەکان بە گشتی دەیڵێن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، سەرنج بدەی کە ئەوروپاییەکان (ئەی ڕەقیب) دەڵێن، بە گۆکردنێکی تا ڕادەیەک باش دەیڵێن، چونکە لەگەڵ (ڕێبوار ڕەئووف) ڕاهێنانی زۆرمان پێ کردن، بەوەش ڕازی نەبووم، هاتم سڵاوی کۆماریی هۆڵەندی و سڵاوی کۆماریی کوردی (ئەی ڕەقیب)، هەردووکم بەناو یەکدا کرد، لە یەک کاتدا بەبێ ئەوەی یەکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ بێ، ئەم کارە یەکێکە لە شانازییەکانم.

**ڕامان:** چۆن کارت لەسەر سیمفۆنیای هەڵەبجە کرد و لەوێ چۆن کەوتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو سیمفۆنیایەی هەڵەبجە کە پێشتر باسم کرد، لەوەدا دوو کۆڕاڵی هۆڵەندی و ئەوروپیم تێکەڵ کرد، تیپێکی سیمفۆنی حەفتا هەشتا کەسی، پێکەوە سیمفۆنیای هەڵەبجە لێ دەدەن، واتە لە کاتی ژەنیندا، مایسترۆکەیان کە زۆر پرۆفیشناڵ بوو، تیپەکەیان کە تیپێکی ئارەزوومەندی پێشکەوتووبوون، ئەوانەی ئیش



**سلێمانی، هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان، وەرزی هونەریی ساڵانەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، ٢٥/ ٩ - ٦/ ١٠/ ١٩٧٦، قادر دیلان، عیزەت ئەحمەد، ئەوەی لە ناوەڕاستیان دەرکەوتووە: نامدار قەرەداغی.**

لەگەڵ ئێمەدا دەکەن، تیپی پلە یەک نین.

**ڕامان:** ئەوانە بە خۆبەخش، یان بە پارە کاریان لەگەڵ کردن؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوانە بۆ شوێنان بە پارەی زۆر کار دەکەن، بڕی ئەو پارەیە بە ئێمە هەڵنەدەسوڕا، دەبێت حکوومەت یارمەتیمان بدا، مایسترۆکەیان کە سوپەر پرۆفیشناڵە، لە کاتی ڕاهێناندا یەکێکیان بەوی دیکەی گوت، ئەمە کیمیایی هەڵەبجەیە، تۆ گوێت لێ نییە، لێی تووڕە بوو، گوتی دەبێ بگری، نابێ پێبکەنی، ئەمە مانای وایە کاریگەری زۆری لەسەر ئەوانیش هەبووە.

**ڕامان:** ئەی کاردانەوەی جەماوەری ئەورووپا، لەگەڵ ئەم کارەتان چۆن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** هەموو ڤیدیۆکان ماون، کە جەماوەر چۆن هەڵدەستنە سەر پێ و چەند بە گەرمی چەپڵە لێ دەدەن و چەپڵەکانیان نابڕێتەوە.

**ڕامان:** بە مەزەندەی خۆت ژمارەی ئەو جەماوەرەی ئامادە بوون، چەند کەس دەبوون؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆربەی زۆری ئاهەنگەکانمان لە یەک هۆڵدا کردووە، چەند کەڕەتێک لە هۆڵی جیاواز و لە شاری دیکەدا ئاهەنگمان

گێڕا.

**ڕامان:** ژمارەیان پێنجسەد کەسێک دەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** هۆڵەکە نزیک حەوت سەد کەس زیاتری دەگرت، هەموو جارێکیش پڕ بووە،ساڵی جارێک، دوو ساڵ جارێک، ئێمە لەو کۆنسێرتانەمان کردووە، لە هەمووشیاندا تیپی نامۆ بەشدار بووە، لە پێشدا ئەوان هاتوون چەند کارێکی خۆیان لێ داوە.

**ڕامان:** هەر جارەی لە وڵاتێک، یان لە شارێکدا پێشکەشتان کردوون؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆربەی زۆری کۆنسێرتەکانمان لە هۆڵەندا بووە، بەشی زۆریشی لە یەک شاردا کراون، کە هۆڵێکی زۆر گەورە و کۆنی تێدا بوو، ئەو هۆڵەمان ئاسانتر دەست دەکەوت، لەوێ هۆڵەکە زۆر گرنگ بوو، چووینەتە شاری دیکەش و لە هۆڵی تریشدا کۆنسێرتمان کردووە.

**ڕامان:** سەیر و سەرنجڕاکێش ئەوەیە، ئێوە لە ئەورووپا، ئەو هەموو ڕەنجەتان داوە و شار بە شار گەڕاون، کەچی هیچ دەستکەوتێکی داراییتان دەست نەکەوتووە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ کارەکانی خۆتانی پێ پێش بخەن و درێژەی پێ بدەن.

**نامدار قەرەداغی:** ئەگەر گریان حەق بێ، یان چاک بێ، پێویستە بگرین، ئێمە ئەوندەمان وەردەگرت بۆ ئەوەی هۆڵەکە لە شارەوانی، لە بانک، لە کەسەکان، لە خێرخوازانی ئەورووپایی وەرگرین، یەک ڕێکخراوی کوردی، یان حکوومەتی کوردی سەنتێکی نەداوینەتێ، یەک تەلەڤزیۆنی کوردی کامێرایەکی بۆمان نەناردووە.

**ڕامان:** پێشتان گوتوون کامێراتان بۆ بنێرن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، پێشیان گوتراوە، بۆیە دەڵێم دەبێ بگرین، تیپی سیمفۆنیی ٢٠٠ کەس بێنێتە سەر شانۆ و ئەی ڕەقیب بڵێ، ئاخر نەگبەت بۆچی نایەیت؟ گوتوومانە هیچ نەبێ وەرن، بۆ خۆتان هۆڵەکە بە کرێ بگرن، خۆ داوای پارەتان لێ ناکەین، ئەی حکوومەت، ئەی ڕێکخراوەکانی کورد، ئێوە ئەمە دەزانن؟

**ڕامان:** ئەی ئەو هەموو پارەدارانەی ئەورووپا، ئەو نوێنەرایەتییانەی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٢وەوە ئیشیان چییە و بۆچی باشن، ئەگەر کۆمەک و پشتیوانی لە هونەر و هونەرمەندانی کورد لە ئەورووپا نەکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەی نوێنەرانی کورد بۆ نایەن تیپێکی پرۆفیشناڵی سیمفۆنیایی و کۆراڵمان بۆ بگرن، ئەوسا کارەکان دە ئەوەندە جوانتر و پاکتر دەردەچن. لە ئەڵمانیا برادەری کوردمان ستۆدیۆ و کامێرای هەبوو، تۆزێک پرۆفێشناڵ بوو، خاتری دەگرتین، پارەمان دەدایێ ئەوانەمان بۆ کۆ بکاتەوە، بۆمان دەری نەدەهێنا بڵێین تۆزێک باشتر بۆمانی جێبەجێ بکات، باشتر مۆنتاژەکەمان بۆ بکات، دەیگوت تێچووی ئەو پارەیە زۆر لەوە زیاترە کە بۆتانی دەکەم، بۆیان دەری نەدەهێنا و مۆنتاژەکەمان دە ڕۆژ زیاتری دەخایاند، چونکە پارەکەمان هەژارانە و هەر بایی ئەوەندە بوو.

**ڕامان:** کەسانێک نەبوون بە خۆڕایی و خۆبەخشانە، لە پێناوی کوردایەتی و خزمەتی کوردستان و هونەری کوردی کارتان بۆ بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** هەندێکیان بە خۆبەخش بۆیان دەکردین، ئەمە گریانیش چاری ناکات، جارێک نەبوو بڵێین لێیان تێک چوو، دوو جار و سێ جار و چوار جار نەبوو، دوا کۆنسێرتمان ئەو کاتە بوو کە داعش هێرشی کرد و بووە شەڕ و شەهیدێکی زۆرمان هەبوو.

**ڕامان:** بۆ پاڵپشتی لە پێشمەرگە و بۆ میللەتی

کورد کۆنسێرتێکتان کرد، کە هەمووی سروودی نیشتمانی بوون، ئەم کارەتان زۆر لە جێی خۆی بوو.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هەمووی بۆ پاڵپشتی پێشمەرگە و بۆ گەلی کورد بوون، بە تیپی بیگ بێند بە سروود و گۆرانی نیشتمانی، یان تیپی خاسن، کە هەموویان پێشەنگن، تیپی بیگ بێندمان هێنا، کۆڕاڵمان لە هۆڵەندییەکان بۆ دروست کردن، گۆرانیبێژی هۆڵەندیم بۆ هێنان.

**ڕامان:** گۆرانیبێژی پرۆفێشناڵی هۆڵەندیت هێنا کە سروودی کوردی بڵێن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، یەک کۆنسێرتی گەورەمان کرد، کوا کامەیان لەوێ ئامادە بوو؟! کامیان کۆمەکیان کردین؟ لە هۆڵێک کردمان، هیچمان پێ نەبوو، هۆڵێک کە ڕێبوار ڕەئووف خۆی لەوێ بەڕێوەبەری بوو، وەک شوێنی گەڕەک، هۆڵی وەرزش، کابرایەکی ئینگلیزمان هێنا، ئەندازیاری دەنگ بوو، بە پارەیەکی کەم بۆمان بکا، بە پارەیەکی کەم ڤیدیۆیەکمان هێنا وێنەمان بۆ بگرێ، ئەمە نەگبەتی نەبێ چییە؟

**ڕامان:** ئێستا کاتی هاتووە باسێکی تیپی سیمفۆنییەکەمان بۆ بکەی.

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە هەوڵمان دا مۆسیقای کوردی بە شێوەی کلاسیکی پێشکەش بکەین، وردە وردە تیپێکی سیمفۆنی و کۆڕاڵمان دەست کەوت، کە ئەوانە تیپێکی پرۆفێشناڵ نەبوون تەنیا ئیشیان ئەوە بێ، چونکە ئەوانە بە دەست ئێمە نەدەکەوتن، ئەوانە بە پارە ئەو ئیشانە دەکەن، پارەی زۆر گەورەشیان دەوێ، ناچار بووین تیپە ئارەزوومەندەکان، وەک تیپی ئارەزوومەندی سیمفۆنی کە لە هەموو شارێک، جاری وا هەیە لە هەموو گەڕەکێکدا هەن و لەوانە زۆرن، تیپێکی ئارەزوومەند تۆزێک پێشکەوتوو بێ، ئەوەمان دەست کەوت، ئەوانە مایسترۆکەیان سەرۆکایەتییان دەکەن، هەموو پرۆفێشناڵن.

**ڕامان:** یەکەم کۆنسێرت کە لە هۆڵەندا کردتان کەی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ٧ی ١٠ی ٢٠٠٧ بوو، لەگەڵ ئۆرکێستێکی تیپی سیمفۆنی بە ناوی بیڵسکرا، ئەوانە سیمفۆنیی هەوایی بوون، هەموو ئامێرەکانیان هەوایی بوون، لە شارێکی تری هۆڵەندا بوون، هەموو ماددەکانم بە نۆتە بۆ نووسینەوە، یەکێک لەوانە پارچە مۆسیقایەک بوو کە خۆم بە ناوی ئاوێزان دامنابوو، دوایی گۆرانیی «بۆ بێدەنگی»، کە ئەوە هەڵبەستی مارف بەرزنجی بوو، خۆم ئاوازم بۆ دانا و مۆسیقاکەیم دابەش کردبوو، دامان بە تارا ڕەسووڵ گوتی، پارچە مۆسیقای «چەمی ڕێزان»ی حەسەنی نەی، کە مۆسیقایەکی زۆر جوانە.

**کە لە دەرەوەی وڵات بووم، لە دڵی خۆمدا و بە خەڵکیشم دەگوت، حەز دەکەم ئەم هیلاکی و خزمەتەم بۆ منداڵانی کورد بێ.**

**ڕامان:** بۆچی ئەو پارچە مۆسیقایەی (حەسەنی نەی)ت بەلاوە زۆر جوانە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو پارچە مۆسیقایەی بە باڵەبانێکی بچووک داناوە، چوار پێنج میلۆدیی جوانی تێدایە، ئەو باڵەبانە بچووکە و ئەو موزیکژەنە گەورە میللییە توانیویەتی مۆسیقایەک دانێ کە بۆ سیمفۆنی دەبێ، ئێمە چەند کەڕەت بۆ تیپی سیمفۆنی پێشکەشمان کردووە، ئێستاش لە فێرگەکەمان و لە زۆر

شوێندا هەر پێشکەشی دەکەینەوە.

**ڕامان:** هەر ئەوەش بوو کاتی خۆی قادر دیلان دابەشی کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوەمان بەشێوەی سیمفۆنی پێشکەش کرد، بێگومان ئەمە جێی شانازییە، ئەوە پارچە مۆسیقای «چەمی ڕێزان»، پاشان سروودی نیشتمانیی هۆڵەندی و کوردیم پێکەوە پێشکەش کرد، باسم کرد چۆن گۆرانیی «هەی بێنن بێنن»، کە گۆرانییەکی فولکلۆری بوو، بەشێوەیەکی هارمۆنی دابەشم کرد، گۆرانیبێژێکی میللی لە هۆڵەندا بە ناوی نیاز شەیدا هەبوو، ئەو گۆرانییەکەی گوت، گۆرانیی «نووری ڕوخسارت»، ئەمیش گۆرانییەکی حەسەن زیرەک بوو، تارا ڕەسووڵ و نیاز شەیدا پێکەوە گوتیان. سیمفۆنیای هەڵەبجەشم پێشکەش بەو تیپە هەواییە کرد، ئێمە ساڵی جارێک، دوو سێ ساڵ جارێک کۆنسێرتێکمان پێشکەش دەکرد.

**ڕامان:** کۆنسێرتی دووەمتان کەی پێشکەش کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ١٠ی ١٠ی ٢٠٠٩ کۆنسێرتی دووەممان لە شاری لایدن لە هۆڵی ستاک خۆزاڵ کرد، کە هۆڵێکی زۆر کۆن و بەناوبانگی هۆڵەندایە، ئۆرکێستێکی سیمفۆنیمان بە ناوی لایدن سیمفۆنیتا پەیدا کرد، کۆراڵیش لینگوا موزیکا، ئەوانە کۆراڵێک بوون سەرکردەکەیان خەڵکی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بوو، ئەوانی دیکە هەموو ژن و پیاوی هۆڵەندی بوون، هەموو تێکستەکانمان بە لاتینی و بە هۆڵەندی بۆ دەنووسینەوە و فێری شێوەی گۆکردنەکانمان دەکردن، دوایی گۆرانیی «ئەستێرە نەکوژاوەکان» پێشکەش کرا، کە پەیمان عومەر گوتی، ئەم کۆنسێرتەمان یادی هونەرمەندە گەورەکان بوو، شیعرێکمان بە ناوی «ئەستێرە



**هۆڵەندا، مانگی ئاداری ٢٠١١، خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنسێرتێکی گەورە کە لە ٢٠١١/٣/٩ پێشکەش کرا.**

نەکوژاوەکان» هێنا، شاعیرێک وەک ڕێز بۆ هەموو گۆرانیبێژە کۆنەکان دایانابوو، کە ئەمری خوایان کردووە، دوایی هەردوو سروودی نیشتمانیی «ئەی ڕەقیب» و هۆڵەندییەکە، ئەم جارە بە تیپی سیمفۆنییەوە، بە هەموو ئامێرەکانەوە پێشکەشمان کردەوە.

**ڕامان:** بێگومان کارت لەسەر بەرهەمی فۆلکلۆریش کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، گەشتێک بە ناو ئاوازە ڕەسەنەکاندا، هەڵبەستی فۆلکلۆری بوون، ئامادە و دابەشکردنی خۆم بوو، لەم کارەدا بەناو فۆلکلۆر و گۆرانیی زۆر گۆرانیبێژی ڕەسەنی کوردیدا گەشتێکم کرد، ئەوانەی ئەم گەشتەیان بەڕێوە برد، ناسری ڕەزازی، پەیمان عومەر، دەشتی کەلهوڕی بوون، سەرەتا دەشتی کەلهوڕی تێدا نەبوو، دەبوو حەمە جەزا بهاتبایە، حەمە جەزا بەڵێنیشی دا ئامادە بێت، لەگەڵیشی ڕێک کەوتبووین، بەڵام لەبەر ئەوەی تووشی نەخۆشی بووبوو، بۆیە داوای لێبوردنی کرد و گوتی نەساغم و ناتوانم بێم، کاتی کەمیشمان لەبەردەمدا مابوو.

**ڕامان:** کە هونەرمەند حەمە جەزا نەیتوانی

ئامادە بێت، شوێنەکەی (دەشتی کەلهوڕی)ی پڕی کردەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** پرسیارم کرد کێ هەیە، (دەشتی کەڵهوڕی)یان پێ ناساندم، ئەو دەورەکەی حەمە جەزای بینی، زۆر بە جوانی هەندێک گۆرانی ئەوی گوت، تەنانەت گۆرانییەکی (عوسمان عەلی)شی گوت، ئەم چوار کەسە ئەم گۆرانییەیان گوت، دوایی «شەوی بەرات» و «کەسەکەم» و «دوێنێ تا درەنگ»، ئەم سێ گۆرانییەم بۆ یادی عوسمان عەلی لە یەک دا، ئەوجا ئەم سێ گۆرانییەم بەناو یەکدا کرد، وەک چۆن «ئەی ڕەقیب» و «سڵاوی کۆماری»یەکەی هۆڵەندام لە یەک دا، بەم شێوەیە لە یەک کاتدا، گوێت لە هەر سێ گۆرانییەکەی عوسمان عەلی دەبێ، (دەشتی کەلهوڕی) گۆرانییەکەی گوت، دوایی بەبێ مۆسیقا گەشتێکی گۆرانیی کوردیم بۆ کردن بە کۆڕاڵ، کە تێیدا چەندان گۆرانی ڕەسەنی کوردیم لە یەک دابوو، بە هارمۆنیا و چوار قۆڵی دەیانگوت.

**ڕامان:** دەستتان خۆش بێ، لە ئەورووپا چالاکیی چڕوپڕ و باشتان هەبووە.

**نامدار قەرەداغی:** هەر خەریکی کار بووین، دوایی گۆرانی «شەش پەپوولەکە»م بۆ تیپی سیمفۆنی دارشتەوە و دڵنیا ڕەزازی گوتی، ئەوە یادێکی مەزریە بوو، چونکە هەمووی یادی هونەرمەندان بوو، لە کاتی گوتنی گۆرانییەکە، کراسەکەی دایکی لەبەر بوو، کە گۆرانییەکەی گوت، فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ، گۆرانییەکەی لەگەڵ تیپە سیمفۆنییەکەدا گوت، دوای ئەوە گۆرانیی «شیرین هەر لامە» نیاز شەیدا گوتی، گۆرانی «وەرە قوربان»، ناسری ڕەزازی بە کۆڕاڵ لەگەڵ تیپی سیمفۆنیا گوتی، ئەو چالاکییانەمان هەبوو.

**ڕامان:** هەر ئەو دوو کۆنسێرتەتان پێشکەش کرد، یان هیی دیکەشیان بەدواداهات؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، کۆنسێرتی دوای ئەوەمان لە ٢٤ی ١١ی ٢٠١٢ بوو، هەر لە هەمان هۆڵ لە لایدن، کە شارێکی هۆڵەندایە، ئەم جارە کۆڕاڵی دی و تیپی سیمفۆنیی ترمان هێنا و لەگەڵماندا بەشدار بوون. گۆرانیی «ناکامی»، گۆرانبێژێکی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە زۆر بەناوبانگە، ناوی ئونا سنتینایە، سەرۆکایەتیی تیپی کۆڕاڵەکەشی دەکرد، گۆرانییەکەم دانا کە هەڵبەستی ئەحمەد محەمەد بوو، ئاوازم بۆی دانا، ئەو ئونایە لەگەڵ کۆرسدا گوتی، تیپە سیمفۆنییەکە ناوی ڕاین لاند سیمفۆنی ئۆرکێست، لەگەڵ کۆڕاڵی ئونا سنتینا کە تیپێکی کۆڕاڵی هەبوو، گۆرانی «من هەم»، گوتنی نەجمەددین غوڵامی بوو، لەم کۆنسێرتەدا نەجمەددین غوڵامی لەگەڵ تیپی سیمفۆنی و کۆڕاڵەکە بەشدار بوو، کە سەرلەنوێ مۆسیقا و دابەشکردنی مۆسیقام بۆ کردەوە، لەگەڵ ئۆرکێستەکەدا گوتی.

**ڕامان:** تۆ لەگەڵ دانانی مۆسیقایی (تألیف) چۆنی، تا ئێستا لەم بوارەدا چیت کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** لەم بوارەشدا زۆر کارم کردووە، پارچە مۆسیقای «بێسنوور»م دانا، ئەمە یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە زۆر شانازی پێوە دەکەم، حەزم کرد بڵێم مۆسیقا سنووری نییە، نەک هەر مۆسیقا سنووری نییە، بگرە وڵاتەکانیش سنووریان نییە و سنوورەکان دەستکردن، نەک هەر وڵاتەکان سنوورەکانیان دەستکردن، میللەتەکانیش بێسنوورن و هەموو مرۆڤن، ویستم بە مۆسیقا ئەم پەیامە بگەیەنم.

**ڕامان:** ئەی لەم بۆچوونەتدا، چۆن ڕۆڵی کوردت نیشان دا؟

**نامدار قەرەداغی:** لێرەدا نیازم بوو میللەتی

کوردیش بەرز بکەمەوە، کە لەوەدا هیچی لە گەلانی دی کەمتر نییە، ویستم بە سیمفۆنیا پارچەیەک مۆسیقا پێشکەش بکەم، هاتم پارچەیەک مۆسیقای (ڕۆسینی)م هێنا، کە لە کوردستان، هەروەها لە هەموو جیهانیشدا زۆر بەناوبانگە، بەوە دەستم پێ کرد، ئەم تەواو بوو، وەک تەواوکەر پارچە مۆسیقایەکی (ئەنوەر قەرەداغی)م هێنا و یەکسەر بە یەکەوەیانم بەستەوە، کە هەمان ڕۆحییەت و لەسەر هەمان کێش بوو، دەتوانم بڵێم هیچی لەو کەمتر نییە، ئەو پارچە مۆسیقایەی ئەنوەر قەرەداغی و ئەمەیانم لێک دا، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەی، هەروەک ئەوەیە، هەر ئەو بێ، مۆسیقای چۆپیی پێ دەڵێن، کە پێکەوەم بەستنەوە، ئەودەم بەمە ڕازی نەبووم، بۆیە تێکەڵی یەکم کردن.

**ڕامان:** لە یەک کاتدا، ئەوەی ئەنوەر قەرەداغی و ئەوەی (ڕۆسینی)ت لێک داوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوەی ئەنوەر قەرەداغی لەوەی ڕۆسینی کەمتر نییە، مۆسیقای کوردییش، لە ئەڵمانی و ئەورووپی و ئیتاڵی کەمتر نییە، بەمەشەوە نەوەستام، هاتم پارچە مۆسیقایەکی (مۆزارت)م هێنا کە زۆر بەناوبانگە، مۆسیقای نیوەشەو، ئەم باڵەبانەی حەسەنی نەی ئێمە، کە «چەمی ڕێزان»ی داناوە، ئەمە ئەگەر کورد نەبووایە و لە ئەڵمانیا بژیایە، کێ دەڵێ لە مۆزارت گرنگتر دەرنەدەچوو، ئەو کاتە کەمان و پیانۆی لێ دەدا، باڵەبانی لێ نەدەدا، یەکسەر «چەمی ڕێزان»م بە مۆسیقاکەی (مۆزارت)دا کرد، دوایی هەردووکیانم لە یەک جیا کردەوە، تا لە یەک کاتدا گوێ لە هەردووکیان بگیرێ، مۆسیقایەکی دیکەم هێنا و «ئەی وەی زارا»م بە پشتیدا کرد و هەردووکیانم لە یەک دا.

**ڕامان:** ئەوەت بە دەنگیش بۆمان گوت، باسیشت کرد، چونکە کە دەکەوێتە سەر کاغەز، ئەو (پام پام پام)ە، کەس تێی ناگا.

**نامدار قەرەداغی:** لە دواییدا هەموو ئەمانەم لە یەک دان، واتە من سنووری نێوان ئەم پێنج شەش پارچە مۆسیقایەشم نەهێشت، هەموویانم لە یەک دان، تا لە یەک ئاستدا بن، هەموویانم بە هارمۆنی کردووە، مانای وایە سنوورم لە نێوان میللەتان، خەڵک، وڵاتان، مۆسیقا، هەروەها لە نێوان کەسێک و کەسێکی دیکەدا نەهێشت، ئەنوەر قەرەداغی، ڕۆسینی، حەسەنی نەی و مۆزارت، مۆسیقا کەلەپووری و فۆلکلۆری ڕەسەنی وەک «ئەی وەی زارا»ی کوردی، لەگەڵ مۆسیقا ئەورووپییەکەدا نەما، لەلایەن پێشکەشکارەکەشەوە بە پێشەکییەکی جوانەوە پێشکەش کرا، دەڵێ ئێمە هیچمان لە میللەتان کەمتر نییە، بەڵام داخەکەم یەکتریمان قەبووڵ نییە، پێکەوە کارکردنمان نییە، بەو وتەیە دەستمان بە موزیک ژەنین کرد.

**پارچە مۆسیقایەکی حەسەنی نەی کە زۆر جوانە، بە باڵەبانێکی بچووک دایناوە، چوار پێنج میلۆدی جوانی تێدایە.**

**ڕامان:** وەک دیارە بێجگە لە هۆڵەندییەکان، لەگەڵ میللەتانی دیکەش پێکەوە کارتان کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لەگەڵ ئەورووپییەکان هەر بە کوردی گوتمان، بە هۆڵەندی تۆزێک قسەکانمان دەگۆڕی و بۆ کوردە حەیاتەکەمان دەگوت، ئەم کارانە ئەگەر باشیش تۆمار نەکرابن، یان ئەگەر تیپە سیمفۆنییەکە پێرفێکت

نەبن، گوناح نییە تۆ بەردەوام بڵاوی نەکەیتەوە و ڕێزی لێ نەگری و نەیەی تۆماری بکەی. (پەیوەند جاف)ی بە بنەچە هەورامیمان بانگ کرد، گۆرانیی «ئامان میم گورجی»م دابەش و ئامادە کردەوە و بە سیمفۆنی و بە هارمۆنی بۆم ڕازاندەوە و کۆرسێکی باشمان لە دەور دانا، تا بە هەورامی وەڵامی یەکدی بدەنەوە و «ئامان میم گورجی»ی بۆ بڵێنەوە، شتێکی زۆر خۆش دەرچوو، ئەوەشی تێدا بوو.

**ڕامان:** تۆ کە لە بواری ئۆپەریتیشدا کارت کردووە، باسی ئۆپەریتەکەشمان بۆ بکە.

**نامدار قەرەداغی:** ڕاستە، بیرم لە ئۆپەریتیش کردەوە، ئۆپەریتی «گوڵی خوێناوی»، هەر چەندی بۆی گەڕام و بیری خۆم دەهێنایەوە، زانیم پێشتر هۆمەر دزەیی گوتوویەتی، خەڵکی تر گوتوویانەتەوە، بەڵام ئەمە تەواو نەکراوە و تا دواییەکەی نەگوتراوە، من شیعرەکەی (گۆران)م هێنا، کۆتاییەکەشیم بە تیپی سیمفۆنی و کۆڕاڵ داڕشتەوە، کوڕێک و پیاوێکی هۆڵەندی کە گۆرانبێژی تەواون، لەگەڵ ژنەکەی کە ئەویش هەر گۆرانیبێژێکی هۆڵەندییە، هێنامن وەک (مەم و زین)ـەکە، ئەمە ژنەکە و ئەمە پیاوەکەیە، لەسەر تەختەی شانۆ، نواندنی شانۆییان کرد، کۆتاییەکەشیم تەواو کرد، تا دوایی کە پیاوەکە ئەیکوژێ، بە ئۆپەریتەکە هەموو گۆرانییەکەم تەواو کرد، وەک چۆن ژنەکە پەشیمان دەبێتەوە، ئەو «گوڵی خوێناوی»یە بە دەنگ و بە شێوەی شانۆییش کردمان، ئەمەش یەکێک لە بابەتەکانمان بوو.

**ڕامان:** دوای ئەو کارانە، کۆنسێرتی دیکەتان نەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** چۆن؟ دوای ئەوە کۆنسێرتی ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٢٤مان کرد، لەمەشدا زۆر بەرهەممان تێدا پێشکەش کرد، لەوانەش گەشتی هەورامان بە کۆڕاڵ، کە پەیوەند جاف لەو کۆنسێرتەشدا بوو، «شایی و زەماوندە»کەی سەلاح مەجید گوتبووی، ئەوەی پێشکەش کرد، گۆرانیی «شیرینە»ش کە گۆرانییەکەی سالار سەلمان بوو، «ئەی شیرینێ شیرێنێ نازت چەند جوانە»، کە تەلەفۆنم بۆ سالار سەلمان کرد، شیعرەکە خۆی داینێاوە، هاوڕێیەکمان بۆی دەستکاری کردبوو، پێم گوت دەمەوێ ئەمەی تۆ پێشکەش بکەم، سالار سەلمان نەخۆش بوو، پێم گوت ئەم گۆرانییە هیی تۆیە، دەمەوێ پێشکەشی بکەم، دەستکاریشم کردووە، ڕەزامەندیم لێ وەرگرت دەستکاریی بکەم، کوڕێک و کچێکم هێنا، کوڕەکە شاخەوان هەڵەبجەیی، گۆرانیبێژە و بەناوبانگە، کچەکە گۆرانیبێژێکی هۆڵەندییە و بەناوبانگە، لیسا فان ئاڕی ناوە، ئەمەشم وەک ئۆپەریتێک لێ کرد، شیعری دیکەم بۆ دانا کە بۆی بگونجێ، کچەکە وەڵامی کوڕەکە دەداتەوە و لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ دەکەن، ئەوەش یەکێک لە ماددەکان بوو.

**ڕامان:** ئەو کۆنسێرتەی بۆ پاڵپشتی لە پێشمەرگە کردووتانە، ئەوە بەلامەوە کارێکی زۆر جێی بایەخ و گرنگە، بە تایبەتی کە لە ئەورووپا کراوە.

**نامدار قەرەداغی:** کۆنسێرتەکەی لە ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٥، بۆ پشتگیری لە پێشمەرگە و گەلی کوردستان دژ بە داعش سازکرا، ئۆرکێستی بیگ بێندم بەناوی (ئووخست هێست) هێنا، هەروەها تیپی کۆڕاڵێکم بەناوی ئەلخرپیا هێنا، کۆمەڵێک ماددەمان بۆ ئامادە کردن، داوام لە ئەحمەد محەمەد کرد کە هاوڕێمە، شیعرێکم بەسەر پێشمەرگەدا بۆ دانێ، شیعرێکی بە ناوی «ئالاپۆش» بۆ دانام، کە بۆ پێشمەرگەیەکە شەهید بووە. ئالاپۆش، واتە شەهیدێکی پێشمەرگە، ئاوازێکی زۆر جوانم بۆ دانا و

دام بـه کـۆڕاڵ و بـە گۆرانیبێـژ، لەگـەڵ تیپـی بیـگ بێندەکـە پێشکەشـیان کـرد، گوتنـی ژن و مێرەدەکـەی باسـم کـرد، هەردووکیـان گۆرانیبێـژی باشـن، مارتیـن فـان ئـۆس، لەگـەڵ ژنەکـەی ئێلیـن فـان ئـۆس پێکـەوە گوتیـان، دەمەتەقـێ و وەڵام و دواندنـی یەکتـری تێـدا بـوو، ئـەوەش ئـاواز و دابەشـکردنی مـن بـوو.

**ڕامان:** کارەکانی دیکەتان چی بوون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** گۆرانـی «ئـەی شـەهیدان»م هێنـا و جارێکـی تـر زینـدووم کـردەوە، کـە هیـی ناسـری ڕەزازی بـوو، ئەوەیـان کاتـی خـۆی لەگـەڵ تیپـی منداڵانـی بێخـوددا تۆمارمـان کردبـوو، ئـەوەم دایـە کچێکـی هۆڵەنـدی، هـەر ئـەو کچـەی باسـی دەکـەم گۆرانیـی دیکەشـمان بـۆ کـرد و بـە تازەگەرییـەوە پێشکەشـمان کـردەوە، «ئـەی ڕەقیب»مـان پێشـکەش کـرد، تیپـی منداڵانی خـۆم و بیگ بێندەکە پێکـەوە «ئـەی ڕەقیب»یـان گـوت، بـە تۆزێـک تازەگـەری و دەسـتکارییەوە، خۆشـیان مۆسـیقاکەیان لـێ دا.

**ڕامـان:** ئـەوە دوو گۆرانـی نیشـتمانی و سـروود، ئـەی ئەوانـی دیکـە چـی بـوون؟

**نامدار قەرەداغی:** «من پێشـمەرگەی کوردسـتانم»، «وا وەتـەن خەمڵیـوە» بـە کـۆرس و بـە گۆرانیبێـژی هۆڵەندییـەوە کـە تـا ڕادەیەکـی زۆر، بـە باشـی گوتوویەتـی، خۆشـم «ئـەی وڵاتەکـەم»، «خوایـە وەتـەن ئـاوا کـەی»، ئـەم ماددانـەم لـەو کۆنسـێرتەدا پێشـکەش کـران و هەمـووی تۆمـار کـراون و لـە ڕێگـەی فەیسـبووکەوە، نـەک لـە ڕێگـەی تەلەڤزیۆنەکانـەوە بڵاومـان کردنـەوە، هەندێـک جـار ئـەم ماددانـە بـۆ تەلەڤزیۆنـەکان نێـردراون، هـەر وەڵامیشـیان نەداوینەتـەوە، دەمانبیست تەلەڤزیۆنی کەرکووک زوو زوو پەخشـیان دەکات، یـان هەندێـک تەلەڤزیـۆن لێیـان دەدات، بـەڵام نـەک تەلەڤزیۆنێکی بەناوبانـگ کـە هیـی دەسـەڵاتدارەکان بـن، ئەمانـە ئیشـەکانمانن لەگـەڵ تیپـی سیمفۆنی و کۆڕاڵـدا، ئەوانـەن کـە لەبیرم مابن.

**ڕامـان:** دەسـتان خـۆش بـێ.. لـە سـاڵی ١٩٩٢ تـا کۆتایـی سـاڵی ٢٠١٦ کـە هاتوویـەوە وڵات، ئیشـێکی زۆرتـان کـردووە، بێجگـە لـەوەی لـە قوتابخانـەی هۆڵەنـدی مامۆسـتای مۆسـیقاش بـووی و وانـەت گوتووەتـەوە، نەختێـک باسـی ئـەو مامۆسـتایەتییەمان بـۆ بکـە.

**نامـدار قەرەداغـی:** مـن سـاڵی ١٩٩١ قوتابخانـەم تـەواو کـرد و بـە نمرەیەکـی بـەرز بڕوانامـەم وەرگـرت، ئیتـر بـۆم هەبـوو لـە کۆنزەرڤاتیۆمەکـەی خـۆم وانـە بڵێمـەوە، کـە تـەواوم کـرد، یەکسـەر گەڕامـەوە بـۆ کوردسـتان، ڕاپەڕینـی یەکـەم بـوو، پرسـیارەکەت چـی بـوو؟

**ڕامـان:** گوتـم باسـی ئـەو سـاڵانەم بـۆ بکـە کـە لـە قوتابخانـەی هۆڵەنـدی مامۆسـتای هونـەر و مۆسـیقا بـووی.

**نامـدار قەرەداغـی:** کـە گەڕامـەوە سـلێمانی، خێزانـم پێـک هێنـا و چوومـەوە، یەکسـەر هەوڵـم دا ئیشـم دەسـت بکـەوێ، دەسـتکەوتنی ئیـش لـە هۆڵەنـدا و لـە ئەورووپـا، بەتایبەتـی لـەو کاتـەدا زۆر زەحمـەت بـوو، بـەڵام مـن بەختـم هەبـوو، ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو ئیشـم دۆزییـەوە.

**ڕامان:** چۆن وا بە ئاسانی و زوو ئیشت دەست کەوت؟

**نامـدار قەرەداغـی:** سـەرەتا دەبـێ نامـە بنووسـی، سـی ڤـی خۆتیـان بـۆ بنێـری، هەوڵێکـی زۆرم دا تـا ئیشـم دەسـت کـەوت، لـە قوتابخانەیـەک بوومـە مامۆسـتای مۆسـیقا، قوتابخانەیەکی زۆر نموونەیـی بـوو، وەک ئـەو قوتابخانـە نموونەییانەی کوردسـتان کـە دەوڵەمەنـدەکان منداڵەکانـی خۆیانـی بـۆ دەنێـرن.

**ڕامـان:** ئـەو دامەزراندنـەت بـە تاقیکردنـەوە

بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئەوانـەی نامەیـان ناردبـوو نزیکـی سـی چـل کـەس دەبـوون، کـە دەیانـەوێ لـەوێ دامەزرێـن، ئـەوان لـە ڕۆژنامـەدا بڵاوی دەکەنـەوە، دەڵێـن ئـەم شـوێنە مامۆسـتای هونەریـان نەمـاوە و یەکێکـی دیکەیـان دەوێ، دەبـی بـڵاوی بکەنـەوە، ئـەوە ئەرکیانـە، وەک لای خۆمـان نییـە کەسـەکان بـە واسـیتە وەربگیرێـن، کـە بڵاویـان کـردەوە چـل پەنجا کـەس نـاوی خۆی دەنووسـێ، ئـەوان لیژنەیـان هەیـە، بەڕێوەبـەر لـەم چـل پەنجایـە، چـوار کـەس هەڵدەبژێـرێ کـە بەدڵـی خۆیەتـی، خۆشـبەختانە مـن یەکێـک بـووم لـەو چـوارەی کـە بانـگ کـرام و قسـەم لەگـەڵ کرا، هـەر چـوار بانـگ کراوەکـە، هـەر یەکـەی بـە جیـا، کـەس ئـاگای لەوەکـەی دی نییـە.

**ڕامـان:** لـەو چوارەتـان، چەنـد کەسـتان هۆڵەندی بوون؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بێجگـە لەمـن، سـێیانەکەی دیکـە هۆڵەنـدی بـوون، کـچ و کوڕیشـی تێـدا بـوو، لـەم چـوارە، دووانیـان هەڵبـژارد بچن وانـە بڵێنەوە، خۆشـبەختانە مـن و یەکێکـی دیکـە بوویـن، مـن ئـەوم نـەدی، لـە دووانەکـەی مایـنـەوە، هەڵبژێـردرام و دامـەزرام، ئیتـر لـەو قوتابخانـە ئەهلییـە بـووم بـە مامۆسـتا، کـە منداڵـی هونەرمەنـدە گـەورەکان و دەوڵەمەندەکانـی لـێ بـوون، بـاوکان بەبـێ ئـەوەی ئەرکـی سەرشـانیان بـێ، خەرجیـی زۆریـان بـۆ دابیـن کردبـوون، هۆڵیـان بـۆ دروسـت کردبـوون، ئامێـری مۆسـیقایان زۆر بـوو، کـە لـەوێ دامـەزرام، تیپـی مۆسـیقام بـۆ دروسـت کـردن و چالاکییەکـی زۆرم بـۆ کـردن، زۆر ئاسـوودە بـووم کـە لـەو قوتابخانەیـەدا دامەزرابـووم.

**ڕامـان:** تـا دوایـی هەر لـەو قوتابخانەیـە مایتەوە، یـان چوویتە شـوێنی دیکەش؟

**نامـدار قەرەداغـی:** سـەرەتا لـە دوو قوتابخانـەدا وانـەم دەگوتـەوە، دوایـی گوتـم باشـتر وایـە تەنیـا لـە یـەک قوتابخانـە بـم، قوتابخانەکـەش ناوەنـدی و ئامادەیـی تێـدا بـێ، خـۆم بـۆ ئـەوێ گوێزایـەوە، لـەوێ مامـەوە و وانەیەکـی باشـم دەگوتـەوە، زۆر منیـان بـەدڵ بـوو، بـڕوات بـێ لـە ڕێکخراوەکـەی ئێمـەدا، وەک بێگانەیـەک، باشـترین مامۆسـتا بـووم، لەنـاو کۆمەڵـێ قوتابخانـە بـە جیـا جیـا، کـە دە پـازدە قوتابخانـەن و هەموویان ئەهلیشـن، حکوومەت دەسـتی بەسـەر هەموویاندا دەڕوا، هەمیشـە لـە ژێـر چاودێـری و سەرپەرشـتی و سیسـتمی حکوومەتـدان، بـەڵام هەموویـان ئەهلیـن، هـەر دە پـازدە قوتابخانـە و ناوێکیـان هەیـە، ئەوانـە سـەر بـە فـڵان جەماعەتن، لـەم جامەعەتـەی مـن دە پـازدە قوتابخانەیـان زۆر گـەورە بـوون، لەناویانـدا مـن وەک بێگانەیـەک بـە باشـترین مامۆسـتا هەڵبژێـردرام.

**ڕامـان:** کـە بـە باشـترین مامۆسـتا هەڵیانبژاردی، ئەمـە پاداشـتەکەی چـی بوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** دیارییـان دامـێ، ڕێزلێنایـان بـۆ کـردم، پارەیـان دامێ، ئاخر باشـترین مامۆسـتا پارەشـی دەدەنـێ، خۆشـبەختانە ڕێزێکـی زۆرم لەناویانـدا هەبـوو، چونکـە بەباشـی و دڵسـۆزانە ئیشـەکانی خـۆم دەکـرد، مامۆسـتا هەبـووە بـە ڕێکـەوت و بـۆ ئیشـێک هاتووەتـە وانەکەمـەوە، کـە بینیویەتـی چـۆن چۆنـی وانـە دەڵێمـەوە، بـە پەلـە چووەتـە لای بەڕێوەبـەر و پێـی گوتـووە، پشـکنەر هاتـووە، چـوار خۆیـان بـە قوتابخانـەدا کـردووە، دوو دوو خۆیـان بـە هۆڵەکانـدا دەکـرد، بـێ ئـەوەی بزانـی بـۆ لای تـۆ دێـن، ئەمـە حکوومەتـە، سـاڵانە دەگـەڕێ، بزانـێ کەموکـووڕی لـە قوتابخانەکـەدا چییـە، ئـەو قوتابخانەیـەی پـار و پێـرار کەموکـووڕی هەبووبـێ، ئـەوان هەمیشـە ڕووی تـێ دەکـەن، لێیـان قبـووڵ ناکـەن، ئەگـەر

چاک نەبن، قوتابخانەکە دادەخەن، لەوێ ئاوایە، دووان خۆیان بە پۆلەکەی مندا کرد، لەو کاتەدا وانەم دەگوتەوە.

**ڕامان:** ئەوانەی دەهاتن وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لای خۆمان، ڕاپۆرتیان بۆ سەرووی خۆیان بەرز دەکردەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوانە کەسانی گەورە و گرنگن، کە لەلای من ڕۆیشتن، یەکسەر چووبوونە لای بەڕێوەبەرەکە، من خۆم پێم خۆش نییە بیگێڕمەوە، بەڵام من نەیگێڕمەوە، ئەی کێ بیگێڕێتەوە، پێیان گوتبوو تۆ باشترین مامۆستات هەیە، بەڕێوەبەرەکە دەمودەست هات بۆ لام، هەر ئەوە بوو دەستم ماچ نەکا، لە کۆبوونەوەیەکدا گوتی، گوتوویانە باشترین مامۆستایە. قوتابخانەیەک کە هەر سەر بەو جەماعەتەی ئێمە بوو، لە سێ چوار مانگدا، سێ مامۆستای مۆسیقا ڕایان کردبوو، نەیانتوانیبوو وانە بدەنەوە، قوتابخانەکە بیست شاگردی تێدا بوو، گرفتیان هەبوو، داوایان لە من کرد بچم چاکی بکەم، چووم بە ماوەیەکی زۆر کەم چاکم کرد.

**ڕامان:** کە دوا جار وازت لەو قوتابخانەیە هێنا و گوتت دەگەڕێمەوە کوردستان، هەڵوێستی قوتابی و مامۆستاکان بەرانبەرت چۆن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** قوتابییەکان یەکسەر باوەشیان پێدا کردم و گوتیان تکایە مەڕۆ، ئەوێ شەڕە و مەترسیدارە، ئەو کاتە لێرە ناخۆشی بوو، کە من هەر لەسەر ڕۆیشتن سوور بووم، بەخێرایی خۆم خانەنشین کرد و زەرەرێکی زۆرم لە خۆم دا، بۆ خواحافیزی ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ کردم، لە کاتی پیرۆزبایی، بەڕێوەبەرەکە لە خۆشییان گریا، ئەو دارتاشی چاک بوو، بە دەستی خۆی دیاری بۆ دروست کردم، کە چەندان پارچەیە و ئێستاش دیارییەکەم لە فێرگە داناوە، من لەو ئاستەدا ئیشم لەگەڵ هۆڵەندییەکان کردووە.

**ڕامان:** وەک دیارە زۆر بە باشی جێگەی خۆت لەناو هۆڵەندییەکاندا کردووەتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** لەم تیپی سیمفۆنیانە تێکەڵیان بووم، لەو کاتەدا کە لە قوتابخانە خوێندوومە، ژمارەیەکی زۆر هاوڕێی هۆڵەندیم هەبووە، بەتەواوەتی تێکەڵیان بووم، هاوڕێیەکانم دەیانگوت مانای چییە کە کۆبوونەوەمان دەبێ، نامدار هەرچییەکی گوت، یەکسەر ئەو قسەیە وەردەگیرێ، جارێک یەکێکیان وای گوت. کە یەکێک دەیگوت با وا بکەین و وا بکەین، منیش کە دەمگوت ناوەڵڵا با وا بکەین، ئەوەی منیان قبووڵ دەکرد، هەر چییەک بووایە پرسیان بە من دەکرد، قوتابییەکانم وانەم پێ دەگوتنەوە، لە هارمۆنی و تیۆریدا زۆر زیرەک بوون، دەهاتن بۆ ماڵێ و فێرم دەکردن، هەبوو لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچووە و دوا ساڵێتی، کە دەهات سەعیم پێ دەکرد و وام لێ دەکرد دەرچێ.

**ڕامان:** خۆ لەوێ واستە و خاتروخۆترگرتن نییە؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، پێوەندییەکی زۆرم لەگەڵ ئەم تیپە سیمفۆنیانە هەبوو، ئەوانیشم فێر دەکرد کە زیاتر لەگەڵ یەکدا بن، خواردنمان بۆ دروست دەکردن، کاتی کۆنسێرت زوو زوو ڕاهێنانمان دەکرد، لە پشووداندا هەموویانم کۆ دەکردەوە، ئاخر دوو تیپی کۆڕاڵ و تیپێکی سیمفۆنیی گەورە و دایک و باوکی ئەندامانی تیپەکەی من، ئەمانە هەموو لە هۆڵێک و لە شوێنێکدا کۆ ببنەوە، هەموو پێکەوە چا و شەربەت و کێک بخوا، بە میکرۆفۆن هاوارم دەکرد کەس بۆی نییە بچێتە لای تیپەکەی خۆی دانیشێ، دەبێ هەموو ببن بە هاوڕێی

یەکتر و پرسیار لە یەکتر بکەن.
**ڕامان:** پرسیاری چی لە یەکتر بکەن؟
**نامدار قەرەداغی:** پێی بڵێ ئیشی تۆ چۆنە، چ ئیش دەکەی، چەند منداڵت هەیە، لایەنی کۆمەڵایەتیت چۆنە، واتە بۆ ئەوانیش هەوڵم دەدا پێکەوە بن و تێکەڵی یەک بن، بەڵام تازە خۆیان نوێ بوونەوە، بەخیلییان بەو خواردن و تێکەڵی و لایەنە کۆمەڵایەتییەی ئێمە دەبرد، ئەوان بەخیلییان بە تێکەڵبوونی ئێمە دەبرد، کۆمەڵێک هاوڕێی قوتابخانەم هەبوون، هەموو مانگێک دەبوایە هەمووان بە خاووخێزانەوە، لە ماڵی یەکێکمان کۆ بینەوە، ئەو نەریتە بوو بە نۆرە، ئەوە بوو هۆڵەندییەکانیشمان فێر دەکرد کە دەبێ کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆست بن.
**ڕامان:** کە تۆ مامۆستا بوویت و وانەی مۆسیقات دەگوتەوە، ئایا تەنیا ئیشی مۆسیقات دەکرد، یان لە بواری شانۆشدا کارت کردووە؟
**نامدار قەرەداغی:** دەتوانم بڵێم لە منداڵییەوە لە مۆسیقا زیاتر، حەزم لە شانۆ بووە، (سالار)ی براشم هەر حەزی لە شانۆ بوو، کە ئێمە منداڵ بووین، دەچووین بۆ فیلمی عەسابە و هەرقل و ڕۆمانییەکان و زۆر حەزمان لەو جۆرە فیلمانە بوو، کە دەهاتینە ماڵەوە لاساییمان دەکردنەوە، براکەم حەزی لە نووسینیش بوو، ئەو نزیکەی سێ ساڵ لە من گەورەترە، دەهات حیکایەتێکی دروست دەکرد، هەر لەو فیلمانە چیمان دیوە، وەری دەگرت و دەینووسی و دەیهۆندەوە، منی دەکرد بە کوڕە ئاغاکە و خۆی ناپاکەکە، لەوە دەچوو ئەگەر منی نەکردبایە بە کوڕە ئاغاکە، بە قسەم نەکردبایە، بۆیە فێڵی لەو جۆرەی لێ کردووم.
**ڕامان:** بەو شێوە سادە و ساکارە دەستتان پێ کرد و خەریکی شانۆ بوون؟
**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، شمشێرەکەمان دەردەهێنا و یەکتریمان بە عەرز دادەدا، زۆر حەزم لەوە بوو، ئیتر من بەرەو مۆسیقا ڕۆیشتم و ئەویش بەرەو شانۆ، ئەگین ئەویش لەگەڵ مندا هەر خەریکی کەمان بوو، هەموو جارێ فێری باران بارانە دەبوو و نەدەبوو، ماوەیەکی زۆر وازی لێ دەهێنا، دوایی دەهاتەوە لای مۆسیقا و دەیگوت با دەست پێ بکەین، دەستمان پێ دەکرد و دەگەیشتەوە باران بارانە، دیسان وازی لێ دەهێنا، باران بارانە دوا سنووری ئەو بوو، لەو سنوورە تێ نەدەپەڕی، ئیتر کە چووینە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)ـەوە، تەماشا دەکەم بەشی شانۆی تێدایە، لە هەولێر بووین، یەکێک لەو پۆلیسانەی بەشداری ئەو شانۆییەی کرد، تا بەندکراوێک بێنێ و بیبا بۆ بەندیخانە، گرفتێک ڕووی دا، بە تەواوی بیرم نییە چی بوو، بە منیان گوت و دەوری ئەو پۆلیسەم بینی.
**ڕامان:** وابزانم لە شانۆیی «کێچ»، لە هەولێر دەوری پۆلیست بینیوە؟
**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ.
**ڕامان:** ئەو شانۆییە دەرهێنەرەکەی نەوزاد مەجیدە.
**نامدار قەرەداغی:** ڕاستە، دەرهێنەرەکەی نەوزاد مەجیدە، ڕەئووف یەحیا، تەها خەلیل، عەبدولی حەمەجوان و ئەوانە دەوریان تێدا دەبینی، ئەو دەورەم بینیوە، لە ئەورووپاش ئێمە تیپی هونەری ئاوارە بووین، بەشی شانۆشمان هەبوو.
**ڕامان:** تۆ هەر ئەو جارە لە شانۆدا بەشداریت کرد؟
**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، بێجگە لە کوردستان، لە هۆڵەنداش بەشداریم کردووە.
**ڕامان:** ئەو بەشداربوونەی هەولێر ساڵی چەند بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ساڵی ١٩٧١ بوو، «کێچ»مان بۆ هەولێر برد و لەوێ پێشکەشمان کرد، لە پێشدا لە سلێمانی بە گۆرانی و مۆسیقاوە کردمان، ئەو سەردەمە مۆسیقا و گۆرانی پێشکەش دەکرا، پاشان شانۆکە دەستی پێ دەکرد، دواتر لەگەڵ تیپی مۆسیقاکە بردمان بۆ هەولێر، من مۆسیقام لێ دابوو و تەواو بووبووم، گوتیان دەبێ دەوری پۆلیسیش ببینی، پانتۆڵی پۆلیسیان بۆ پەیدا کردم، زۆر بۆم کورت بوو، من بالام بەرزە، بۆیە پانتۆڵەکەم هێنابووە خوارەوە. لە ئەورووپاش تیپی نواندنمان هەبوو، بەڵام زۆر چالاک نەبووین، هەندێک ئیش کراوە، لەوانە شانۆییەکمان کرد کە باسی نەوتی کەرکووک دەکات، تێکستەکەی سالاری برام نووسیبووی، هەر خۆشی دەری هێنابوو، دەورەکان کەم بوون، چەند کەسێک بوون، یەکێک ڕۆژی یەکەم دەوری بینیبوو، با ناوەکەی نەبەین، ڕۆژی دووەم گوتی من نایکەم.

**ڕامان:** ئەو حاڵەتەی هەولێر، لە هۆڵەنداش دووبارە بووەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەیان لە هۆڵەندا، لە ئەمستردام بوو، ئەویش گوتی من نایکەم، دەوری کەسێکی شێتۆکەی دەبینی، کە تەنەکەیەک نەوتی پێیە و تانەوتەشەر لە حکوومەتی بەعس دەدا، شانۆییەکی تۆزێک سیاسی بوو، لە پڕ گوتی نایکەم، کوڕە بیکە بە خاتری خوا و بە خاتری پێغەمبەر، دەبێ شانۆییەکە پێشکەش بکرێ.

**ڕامان:** برادەران ڕوویان لێ نای، یان خۆت بۆ گێڕانی دەورەکە دەستپێشخەریت کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** برادەران دامابوون، خۆم هەرچەندە دەقەکەم لە بەر نەبوو، بەڵام ئاگام لێ بوو ڕاهێنان دەکەن، پێشووتر داوا کراوە، دەق هەیە، گوتم من دەیکەم، پێیان خۆش بوو، یەکێکمان دانا، ئەگەر من شتێکم لێ تێک چوو، یارمەتیم بدا، جاران لە شانۆدا ئەمە هەبوو، دەچێتە ژێر شانۆکە و بە ئەسپایی پێیان دەڵێتەوە، ئەو کەسەی ژێرەوە ناوێکی تایبەتیان دابوویێ، بە وردی ناوەکەم لەبیر نییە، دەوری شێتم بینی، ئەوەشم هەیە کە چۆن لەو عەرزە پاڵ دەکەوم و گاڵۆنێکم پێیە، ئەمە بۆ ئەوێ کەم نەبوو، زۆر بوو.

**ڕامان:** شانۆییەکە ناوی چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بە تەواوی ناوەکەی نازانم، لەبیرم نەماوە.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ناتوانم ساڵەکەشی بڵێم، بەڵام لە هەشتاکاندا بوو.

**ڕامان:** ئەی جەماوەری بینینی شانۆییەکە چۆن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** جەماوەری هەبوو، جەماوەرەکە کورد و هۆڵەندیش بوون.

**ڕامان:** بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، کەچی هۆڵەندی بۆ نمایشەکە هاتووە؟

**نامدار قەرەداغی:** ناسیاو و هاوڕێ هاتبوون، بیرم نییە چەند کەس بوون، چالاکیی شانۆییمان هەبوو.

**ڕامان:** تۆ لە ناو قسەکانت ناوی زۆر هونەرمەندت هێنا، هونەرمەندی گەورە و باش، لەگەڵ کامەیان زۆرتر دۆست و هاوڕێ بووی، زۆرتر لێی نزیک بیت و یادگاریت لەگەڵیدا هەبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** لەگەڵ حەمەی نێرگز، سەلاح مەجید، لەم نوێیانەی ئێستاش لە کۆمەڵێکیان نزیکم، لەوانە عەلی یارە، ئازاد مەحموود تۆفیق شلک، دارا هەورامی، گۆرانبێژی تازەمان دروست کردووە، کە وەکوو گۆرانیبێژ هاتووەتە پێشەوە،

لەوانە، سەنگەر محەمەد و ئامانج تاهیر، ئەمانە هەمیشە لە فێرگەن و لە هەموو کۆنسێرتێکدا بەشدارن، هەردی محەمەد عەلی چەند کەڕەتێک لەگەڵماندا بەشدار بووە.

**ڕامان:** گوتت ئەمانە زۆر لێتەوە نزیکن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، زۆر لێمەوە نزیکن، بەڵام ئەگەر زۆر زۆر نزیک بێ، ئەوە سەلاح مەجید زۆر زۆر لێمەوە نزیکە، حەمەی نێرگز زۆر زۆر لێمەوە نزیک بووە.

**ڕامان:** ئەی هونەرمەندانی پێشووتر، کامیان پتر هاوڕێت بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوانەی پێشوو لە سەرەتادا عوسمان عەلی، زۆر زۆر لێمەوە نزیک بوو، تا ئەم دواییانەش تەلەفۆنی بۆ ئەورووپا بۆ دەکردم و دەیگوت توخوا وەرەوە، با وەکوو جاران ئیش بکەین، گلەیی هەبوو، تۆزێک ناڕەحەت بوو، لە دوا تەلەفۆنی زۆر قسەمان کرد، زۆر داوای لێم کرد بێمەوە، کە من ئەو عانە بیرۆکەی هاتنەوەکەم نەگەیشتبووە ئەوەی جێبەجێی بکەم و بێمەوە کوردستان.

**ڕامان:** ئەی ڕێک نەکەوت لەگەڵ هونەرمەندان تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان و ئەوانە کار بکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** نەوەڵڵا، ئەو شەرەفەم پێ نەبەخشرا، من گەنجێک و سەرۆک تیپ لە کوردستاندا، خەریکی منداڵان و دەوامی قوتابخانە و تۆمارگەی کانیاو بووم، بیرم لەو شەرەفە گەورەیە نەکردەوە بە خۆمی ببەخشم و لەگەڵ یەکێکی وەک عەلی مەردان تێکەڵ بم، یان ببینم و پێکەوە کارێک بکەین.

**ڕامان:** هونەرمەندانی هەولێر وەک تەحسین تەها و فوئاد ئەحمەد و مشکۆ و ئەوانەش ڕێک نەکەوت پێکەوە کار بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** لەبەر ئەوەی من لە سلێمانی خەریکی کاری خۆم بووم، ئەوانیش لە لای خۆیان، لە هەولێر خەریک بوون، بۆیە نەمتوانی لێیان نزیک بم، بەڵام عوسمان شارباژێڕی تێکەڵی بووم، زۆر هاوڕێم بوو، ئەویش یەکێکە لەوانە.

**ڕامان:** بیرەوەرییەکت لەگەڵی نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لەگەڵ هونەرمەند حەمە جەزا، بیرەوەری زۆر خۆشم هەیە، لەگەڵ شەوکەت ڕەشید زۆر بیرەوەریم هەیە، تێکەڵییەکی زۆرم لەگەڵ حەمە جەزا هەبوو، گۆرانیم بۆ ئامادە دەکرد، ئەندامی شانازی تیپەکەی ئێمە بوو.

**ڕامان:** ئەی هونەرمەندانی کورد لە ئەورووپا، لەوانە قادر دیلان لێی نزیک نەبووی؟

**نامدار قەرەداغی:** قادر دیلان تەنیا ساڵی ١٩٧٢، یان ١٩٧٣ بوو، کە گەڕایەوە سلێمانی، ئێمە لە کۆمەڵ بووین، هات گۆرانی لەگەڵدا گوتین، هەر ئەوەندە بوو، ئیتر ئەو گەڕایەوە و یەکتریمان نەدییەوە، منیش چەند ساڵێک پاسپۆرتم نەبوو، لەوانەی ئەورووپا پەیوەند جاف، ناسری ڕەزازی هاتوون و لە کۆنسێرتدا بەشدار بوون، نەجمەددینی غوڵامی، کامەران مستەفا بابان زۆر هاوڕێمن، زۆر تێکەڵیم لەگەڵیاندا هەیە، گۆرانیبێژە میللییەکان زۆرن، لەوێ نیاز شەیدا هەبوو، زۆر تێکەڵ بووین، ئیدی لەگەڵ ئەوانە زۆر پێکەوە بووین، زەمانی زووی تیپەکانی کۆمەڵ و مەولەوی ئەوە دەگونجا زوو زوو یەکتر ببینین، لە ئەورووپا ئەوە نەدەگونجا.

**ڕامان:** ئاخر هەر ئەوە نییە تۆ لەگەڵی دانیشتبی، بێگومان کە هاوڕێت بووە، ڕووداوێک، بۆنەیەک لە نێوانتاندا ڕووی داوە.

**نامدار قەرەداغی:** لەگەڵ عوسمان شارباژێڕی و شەوکەت ڕەشید و سەلاح مەجید، یان لەگەڵ گۆرانیبێژی دی زۆر ڕووداو ڕوویان داوە، بیرەوەریم لەگەڵیان زۆرە، حەز دەکەی شتە کۆمیدییەکان

ببیستی؟

**ڕامان:** بۆچی نا؟ ئەوەی کە لە یادەوەریت ماوە بیتەکێنە و بیانگێڕەوە، ئەو قسە خۆشانە با بمێنن، ئەوانە بەشێکن لە کەسایەتی هونەرمەندەکە، ئەگەر شتێکت لەلایە، پێم خۆشە بیگێڕیتەوە.

**نامدار قەرەداغی:** هەندێک شتی خۆش هەن کە لەبیر ناچنەوە، ئێمە لە کۆمەڵ بووین، خۆمان بۆ کۆنسێرت ئامادە دەکرد تا ئاهەنگێک بگێڕین، گۆرانیبێژێکی نوێمان بۆ هاتبوو، ناوی نالێین، گوتم ئەویش دەنگی باش و جیاوازە، جۆرێکی دیکەیە و لەوانی دی ناچێ، با گۆرانییەکی بۆ ئامادە بکەین. گوتیان بەڵێ باشە، گۆرانییەکمان بۆ ئامادە کرد، سەلاح مەجید، حەمەی نێرگز و عوسمان عەلی، لە نێوان گۆرانییەکانیاندا کورتە مەقامیان دەگوت.

**ڕامان:** لە تیپی مەولەوی کوڕێکتان لەلابوو، ماوەیەک گۆرانی گوت، ناوی شەماڵ محەمەد بوو، ئەوە چیی لێ هات؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوەش یەکێکە لە هاوڕێکانم، ئێستاش هەر هاوڕێمە و ئەو بەینە خانەنشین بوو، من لە ڕێزلێنانەکەی ئامادە بووم، ئەویش یەکێکە لەوانەی ئەندامی تیپی مۆسیقای مەولەوی بوو، کە هات، وەک پێشتر باسم کرد و ناویم نەهێنا، بە کۆمەڵێک گۆرانیی نوێوە هات، یەکسەر قانوونمان بۆی شکاند، زووتر گۆرانیمان بۆ ئامادە کرد، ئەوە ئەو شەماڵ محەمەدە بوو کە تۆ باسی دەکەی. گوتمان ئەم گۆرانیبێژە باشە، گۆرانییەکی بۆ ئامادە دەکەین، ئەوە بوو گوتی دە با منیش مەقامێک بڵێم، گوتمان ئاخر تۆ جارێ ماوتە و نوێیت، با لە داهاتوودا وردە وردە فێر بیت. گوتی توخوا با بیڵێم، ئەگەر هەندێکی دەشێ بڵاوی بکەنەوە، ئەگەر نەشیا، لێی ببڕن، نەموێرا بەڵێنی پێ بدەم، ئیتر پێم گوت جارێکی دی پێت دەڵێمەوە نابێ. دوکانێکی هەبوو، بە بەر دوکانەکەیدا ڕۆیشتم، بە زۆر بانگی کردمە ژوورەوە، لەوێش بۆی گوتم.

**ڕامان:** کە گوێت لێ گرتووە، دیارە مەقامزان نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، دیسانەوە پێم گوت نابێ، تۆ جارێ بڕۆ تۆزێک ڕاهێنان بکە، نابێ هەموو کەس مەقام بڵێ، ئیتر ئاهەنگە و دەست پێ دەکات، سەلاح مەجید دەهات، عوسمان عەلی دەهات، کە نۆرەی ئەو هات، ئەوە من دانیشتووم و ئەویش لەوێیە، کەمانی بۆ لێ دەدەین، کۆپلەی یەکەم و دووەم ڕۆیشت، لە مۆسیقای کۆپلەی سێیەم بوو، ئاوڕێکی دایەوە و گوتی دەیڵێم، گوتم نەیڵێی، دەیڵێم، نەیڵێی، ئەوە هەر مۆسیقا لێ دەدەین، دوایییەکەی هەر گوتی، ئاخر پێکەنیناوییە، ئەوە چیت بۆ دەردەخات، بە بەرچاوی جەماوەرەوە، کاتی نمایشی ڕاستەوخۆیە، ئەگەر لە کاتی ڕاهێنان بێ و قسەیەکی وا بکرێ ئاساییە، بەڵام خۆ کاتی ڕاهێنان نییە.

**ڕامان:** لەو ڕووداوە خۆشانە، چیترت لەبیر ماوە، بۆمانی بگێڕەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** سەلاح مەجید حەقەیە، دەست بۆ لای سکی ببەی، جنێوی زۆر پیس دەدات، ئێستا باشترە، ئیتر لە هەردوو تیپی کۆمەڵ و مەولەوی تووڕەمان دەکرد، ئاوامان لێ دەکرد، جنێوی زۆر پیسی دەدا، لەو کاتەدا باوکی وای لێ بکا، جنێوە پیسەکە بە باوکیشی دەڵێ، لەسەر شانۆ بووین، ئەو لە پێش منەوە بوو، ئەوە مۆسیقا لێ دەدەم، مەقامی گوت، هات بە خەیاڵمدا، قەوسی کەمانچەکەم پێدا کرد، بە ئەسپایی گوتی دەیڵێم، لەناو ئەو جەماوەرە زۆرە، لە هۆڵی سانەوییەی سلێمانی بووین.

**ڕامان:** جەماوەر گوێی لە قسەی نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بێگومان گوێی لێ دەبێ.

**ڕامـان:** ماڵـت ئـاوا بـێ، شـوێنت نەدۆزیوەتـەوە قەوسـی پێـدا بکـەی، ئـەوێ نەبـێ؟

**نامدار قەرەداغی:** لـەو عانـەدا گەنجیـن، ئەوێـم بـە خەیاڵـدا هـات، گوتـم بزانـم جنێـو دەدا. لـە تیپـی کۆمـەڵ بوویـن، چوویـن بـۆ بەغـدا ئاهەنـگ بگێڕیـن، لەبیـرم نییـە هۆڵەکـە کـوێ بـوو، گۆرانیبێژێکـی سـەماکەری عەرەبیـان هێنابـوو، گوتیـان ئـەو سەماکەرەمان پێیە، ئێمـە مۆسیقامان پـێ نییـە، با ئەمیـش بەشدار بـێ، داوایـان لـێ کردین مۆسـیقای بۆ لـێ دەیـن، ئێمـەش هەمـوو گەنـج بوویـن، سـەیرم کرد گوتـم ئەمـە بـۆ کولتـووری ئێمـە ناگونجـێ، کوردیـن و لـە ساڵانی حەفتاکانـدا، مۆسـیقا بـۆ سـەماکەر لێدان گونجـاو نییـە، پێـم گوتـن داوای لێبـوردن دەکـەم، ئێمـە ناتوانیـن و ئامـادە نیـن، مۆسـیقای عەرەبیمـان لەبـەر نییـە. گوتیـان ئێـوە هەرچییـەک لێدەن، ئێمـە هـەر پێکـەوەی دەبەسـتینەوە، بـەڵام کولتـووری ئێمـە ڕێگەمـان پـێ نـادا، زۆر داوایـان کـرد و منیـش پێـم دەگوتـن ناتوانیـن، سـەیر دەکـەم هەنـدێ لـە هاوڕێکانـم حـەز دەکـەن و کەمتـر پشـتم دەگـرن، بەرپرسـیارەتییەکەش لەسـەر شـانی منـە، ئـەوە بـوو قسـەی مـن ڕەتکرایـەوە، دەستمان بـە مۆسیقا لێـدان کـرد، لـە کاتـی ژەنینـدا بوویـن سـەماکەرەکە خۆی بەسـەر شانی منـدا شۆڕ دەکردەوە، مامۆسـتا حەمەسـەعید مۆسـیقای لـێ دەدا.

**ڕامان:** کامە مامۆستا حەمەسەعیدت مەبەستە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ژەنیـاری کەمانچـە بـوو، مـن کـە چوومـە کۆمـەڵ ئـەو لـەوێ بـوو، حەمەسـەعید عەبدوڵـڵا، هاوڕێـی زۆر نزیکـم بـوو، پیاوێکـی بـە جەسـتە بچـووک، بـەڵام چەنـد بچـووک بـوو، دە ئەوەنـدە جـوان بـوو، مـن کە بـۆ منداڵ و قوتابییەکانم باسـی جوانـی دەکـەم، پێیـان دەڵێـم سـێ شـت هـەن وات لـێ دەکـەن جـوان بیـت، ئـەو سـێ شـتەیان بـۆ باس دەکـەم، کـە ڕەوشـت و وشـەی شـیرین و کرداری جوانـە، ئەمانـە ئینسـان جـوان دەکـەن. ئەگـەر بـۆ ڕواڵـەت و سەروسـیما و بـە گشـتی بڵێیـن چـۆن مرۆڤ جـوان دەبـێ، دەڵێیـن دەبـێ باڵایەکـی بـەرزی هەبـێ، لووتـی زۆر زل نەبـێ، یـان تۆزێـک سـپیکەلە بـێ و تـاد..، ئـەو هیـچ یەکێـک لەمانـەی تێدا نەبـوو، بـەڵام لـەلام لـە هەمـوو دنیـا خۆشەویستتر بـوو، لەبـەر ئـەو ڕەوشـت و کـرداره جـوان و وتـە شـیرینانەی، ئـەو پیـاوە خۆشەویسـت بـوو.

**ڕامـان:** کـە سـەماکەرەکە خـۆی بەسـەر شـانتدا شـۆڕ کـردەوە، تـۆ چیـت کـرد، نەشـڵەژای؟

**نامـدار قەرەداغـی:** مـن زۆر شـڵەژام، مامۆسـتا حەمەسـەعید کەوتبـوو بەسـەر خۆشـیی خۆیـدا، ئـەوە بـوو قەوسـی کەمانچەکـەی بەنـاو چاومـدا کـرد، بـە خـۆم و کەمانەکەمـەوە هەسـتام ڕۆیشـتم، لـە پشـتەوە دەرگەیـەک بـۆ دەرەوە هەبـوو، ڕێـک لەنـاو دەرگەکـە کەوتـم و لـەو دیوەوە گرتمیانـەوە، دوکتۆرێکـی کـورد لـە هۆڵەکـە بـوو، یەکسـەر هـات بـۆ لام و پشـکنینی بـۆ چـاوم کـرد، ئیتـر ئـەم مامۆسـتایە و ئەوانی دی لە خۆشـیی سـەماکەرەکە، یـان لـە ترسـی ئـەوەی مۆسـیقا بـۆ سـەماکەر لـێ دەی، ئەوەیـان نازانـم، زیاتـر خەریکـی خۆشـییەکە بـوون، ئاگایـان لـە مـن نەمـا، چـاوی من وێـران کرا، خـوا ڕەحمـی کـرد قەوسـەکە نەچـووە گلێنەمـەوە، ئـەوەش بەزمـی سـەماکەر، شـتی لـەو جـۆرە زۆرن.

**ڕامـان:** لـەو ڕووداوە زۆرانـەی لەلاتـن، چیـی دیکـەی سەرنجڕاکێشـت لـەلا هەیـە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** تیپـی کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی، چوویـن لـە کەرکـووک ئاهەنگمـان گێـڕا، ئـەوە منـم، شـەوکەت ڕەشـید و عوسـمان شارباژێڕی و کامـەران عەبدولمەجید، تیپێکـی گـەورە لەوێیـن، هەمـوو ڕۆژێ ئاهەنگـە، شـەوەکانی دەچووینـە یانـەی فەرمانبـەران و لـەوێ دادەنیشـتین، شـەوێک لە یانەی

فەرمانبەران دەمانخواردەوە، شەوکەت ڕەشید گوتی بۆ نەڕۆینەوە بۆ سلێمانی و بگەڕێینەوە. عوسمان شاربازێڕی ئەم قسەیەی پێ خۆش بوو، گوتی بۆ نا، حەز دەکەین و با بڕۆینەوە. بە منیان گوت، منیش گەنج بووم و خواردوومانەتەوە و سەرمان گەرم بووبوو، گوتم منیش دێم، ئەو کامەران مەجیدەشم لەگەڵ بوو، ئەویش گوتی با بڕۆین.

**ڕامان:** ئەو ڕۆیشتنەوەیە بۆ سلێمانی و بەو شەوە درەنگە چۆن بە خەیاڵیاندا هات؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوە هەمووی بەزمی شەوکەت ڕەشید بوو، تومەز مەبەستێکی دیکەی هەیە، حەزی دەکرد بچێتەوە ناو ماڵ و منداڵی، عوسمان شاربازێڕی ژن و منداڵی هەبوو، بەڵام ئێمە (سەڵت) زگورتی بووین، کە بەو شەوە درەنگە گەیشتین، خوایە بچین بۆ کوێ، ئەوە مەلا بانگدانە، دنیا تاریک و ڕوونە، کێ دەوێرێ لە دەرگەی ماڵەوە بدات، دەرگەمان لێ بکەنەوە چییان پێ بڵێین، هەر دەتۆقن، چووینە ماڵی ئەو کامەران مەجیدە، ماڵەوەیان کەسی لێ نەبوو، خۆمان بە دیواردا هەڵپەسارد و بازمان دایە حەوشەکەوە، ئەوان چوونە ماڵی خۆیان و ئیشی خۆیان کرد، ئەم چوار پێنجەشمان بە کەسمان نەگوتووە دیبینەوە، کەس ئاگای لێ نییە هاتووینەتەوە، ئەوە بووە ڕۆژ و ئەم چوار پێنج کەسە لە هۆتێلەکەی کەرکووک دیار نین، دەگەڕێن، خەبەری پۆلیس و ئاسایش و بازگەکان درا، ئێمە نین و نین، ئەوە بوو بە ئێوارە و ئێمە هێشتا دیار نین.

**ڕامان:** کاتەکە بووە ئێوارە و ئێوە لە کەرکووک ئاهەنگتان هەیە و دیار نین، دواجار چۆن فریای ئاهەنگەکە کەوتن؟

**نامدار قەرەداغی:** خەریک بوو ئاهەنگ دەستی پێ دەکردەوە، ئێمە هەر دیار نین، دیار نەمانی ئێمە دنیای شێواندبوو، کاتێک گەڕاینەوە خەریک بوو دەستیان پێ دەکرد، یەکسەر دەستمان بە مۆسیقاژەنین کردەوە. لە ڕێگە نازانم لە کام سەر بوو، عوسمان شاربازێڕی ئۆتۆمبێلەکەی کۆن بوو، ناوی ئەپۆلۆی ١١ی لێ نابوو، شیعریشی بەسەردا هەڵدابوو، قەرەجەکان مەڕ و سەگ و کەریان پێ بوو، لە جاددەکە دەپەڕینەوە، بۆ عوسمان شاربازێڕی لە سەگێکیانی نەدا، سەگەکە کەوتە ژێری تایەکانی، ئاوڕ دەدەینەوە، سەیر دەکەین قەرەجەکان بە تێڵاوە دوامان کەوتوون، ئەگەر سەگەکە لە ژێر ئۆتۆمبێلەکەیدا دەرنەچووبایە، بێگومان مردبوو، ئەوانیش بیانگرتباین، ئێستا ئێمە نەمابووین، هەر بە دار دەیانکوشتین، بە هەرحاڵ بۆی دەرچووین، سەگەکە نەیدەهێشت ئۆتۆمبێلەکەش بڕوا، کەوتبووە ژێرییەوە، ئێمە خەریک بوو بمرین.

**ڕامان:** ئەو ڕووداوە لە چ ناوچەیەک ڕووی دا، کوێ قەرەجی لێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لە نێوان چەمچەماڵ و کەرکوک، ئەوبەری، یان ئەمبەری، بە تەواوی بیرم نەماوە.

**ڕامان:** لای قەرەهەنجیر و ئەو ناوە بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لەو دەوروبەرە بوو.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر لە حەفتاکان، ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٣ بوو، چونکە لە کاتە زێڕینەکان بوو.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر بیرۆکەی فێرگەی نامدار و چالاکییەکانی، باسی ئەوەمان بۆ بکە منداڵەکانت سەروساختیان لەگەڵ هونەری موزیک و گۆرانی چۆنە؟

**نامدار قەرەداغی:** لەبەر ئەوەی منداڵەکانم لەناو مۆسیقادا لەدایک بوون، ماڵی من هەمیشە کەمان و پیانۆ و تەپڵی تێدا بووە و مۆسیقا لێ دراوە، ئەوە دەوری بینیوە، منداڵ بوون کە براون بۆ کۆنسێرت، کوڕەکەم منداڵ بووە کە

براوە بۆ ئەم ئیشانە، لە ناو مۆسیقا چاویان هەڵێناوە، کە خولی مۆسیقام دەکردەوە، لە ماڵەوەش وردە وردە هەر خەریک بووم، کە ئەو قوتابخانەیەی نامۆم کردەوە، ئەوانیش هەردووکیان لەلام فێرخواز بوون، بەتایبەتی کچەکەم زوو زوو ئامێری دەگۆڕی، سەرەتا بە کەمان دەستی پێ کرد، ئەوەندەی پێ نەچوو گوتی من شانم ئازارم دەدا، ئیدی بیانووی دەگرت، دوایی گوتی من حەزم لە کیبۆردە. گوتم فەرموو ئەمە کیبۆرد، ئەم جارە گوتی نە بەخوا من دەستم بۆ کیبۆرد باش نییە، حەزم لە فلووتە، گوتم فەرموو ئەمە فلووت، ئەوجا گوتی بەو خوایە زۆر حەزم لە دەفە، لە دواییدا لەسەر دەف گیرسایەوە، لە هەموو کۆنسێرتەکاندا، لەو تیپە سیمفۆنیەدا بە دەف لەگەڵمان بەشدار دەبوو.

**ڕامان:** کوڕەکەت لەگەڵ مۆسیقا گەیشتە کوێ؟

**نامدار قەرەداغی:** کوڕەکەشم کەمانچەی دەژەنی، جاری یەکەم لە کۆنسێرتێکدا هاتە سەر شانۆ و گۆرانییەکی هۆڵەندی لێ دا و لەگەڵ گۆرانییەکی کوردیی تێکەڵی کرد، بەوە دەستمان پێ کرد، بە گشتی خراپ نەبوون، بەڵام ئەوە نەبوون حەز بکەن مۆسیقا بکەن بە پیشەی خۆیان، یان زۆر خەریکی بن و لە ماڵەوە ڕاهێنانی زۆر بکەن، ئیتر منداڵ و ئەورووپا و دنیای دیجیتال و ئەرکی قوتابخانەی زۆریان هەبوو، هەردووکیان کەوتنە ناو ئیشەوە، بەڵام نەختێ فێر بوون.

**ڕامان:** تۆ خۆت لە ئاستەکەیان ڕازیت؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕازی بوونی چی؟ دەبێ لە ماڵەوە لەوە زیاتر ڕاهێنان بکەن، حەزیشم دەکرد بەردەوام بن، ئیتر ناشبێ گوشاری زۆر بکەی، بەڵام هەر هانم داون، بۆ هەموو چالاکییەکان و هەموو وانەکان دەهاتن، چونکە هەر جارەی دەچووم شارێکی دیکە لەگەڵم دەهاتن.

**ڕامان:** ئێستا لە مۆسیقا دانەبڕاون؟

**نامدار قەرەداغی:** کوڕەکەم لە مۆسیقا دابڕاوە، مەگەر بۆخۆی جاروبارێکی کەم ئەگەر دەست بداتە کەمانەکەی، بەڵام کچەکەم گەورە بووە، ئیتر منداڵی بووە، جاروبارێک لە چالاکییەک بەشدار بێ، ئێستا لەم بەینەدا بۆنەیەک هەبوو، بۆی بانگ کرابوو، ئەو لە هۆڵەندا، لەو بۆنەیەدا دەفی لێ داوە.

**ڕامان:** باسی شانۆمان کرد، ئەی بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنیت لە بارەی هونەرەوە هەبووە؟

**نامدار قەرەداغی:** مەبەستت ئەوەیە لە بەرنامەیەکدا بەشداریم کردبێ؟

**ڕامان:** نەخێر، مەبەستم بەرنامەی تایبەتە لەبارەی هونەری گۆرانی و مۆسیقاوە، لە ڕادیۆ، یان لە تەلەڤزیۆن پێشکەشت کردبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** خۆم بەرنامە پێشکەش بکەم، نا کاری وام نەکردووە، بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بانگهێشت کراوم، ئەوەیان زۆر زۆرە، لە زۆر بەرنامە و هەڤپەیڤین بەشداریم کردووە، بەڵام هیچ بەرنامەم نەبووە کە خۆم پێشکەشی بکەم.

**ڕامان:** ئێستا دێینە سەر ئەو فێرگەیەی بەناوی خۆتەوەیە، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو فێرگەیە لە چییەوە هاتووە؟ پێش ئەوە پێم بڵێ تۆ بۆچی بڕیارت دا بە یەکجاری بگەڕێیتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بیرۆکەکەی بۆ زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، بێجگە لە خوێندنەکەم و ئەو ماوەیەی گەڕامەوە، ٢٧ ساڵ، هەفتەی پێنج ڕۆژ وانەم بە هۆڵەندی و ئەورووپایی دەگوتەوە، یەک دنیا چالاکیی هونەریشم بۆ کردن، هیلاک دەبووم، لەو وڵاتەدا ئەگەر مامۆستا بی، دەبێ بە تەواوی مامۆستا بی و هیلاک بی و خۆتی

بۆ تەرخان بکەی، بەخۆڕایی پارەت نادەنێ، بەخۆڕایی هانت نادەن، هەرچی دێ هیلاک دەبێ و پێویستە شتێک فێر بێ، ئەگین دەردەکرێی، لەبەر ئەوە من ٢٧ ساڵ خزمەتی هۆڵەندام کرد، خزمەتی منداڵان و گەورانی ئەورووپیم کرد، هەر ٢٧ ساڵەکە لەسەداسەد ئاسوودە نەبووم، هەر ٢٧ ساڵەکە لە دڵی خۆمدا دەمگوت و بە خەڵکیشم دەگوت، حەز دەکەم ئەم هیلاکی و خزمەتەم بۆ منداڵانی کورد بێ.

**ڕامان:** ڕاستیت دەوێ، وڵاتانی ئەورووپا کەسانی وەک تۆیان زۆرە، لەسەر تۆ پەکیان نەکەوتووە، بۆیە ئەگەر لەم وڵاتە بڕۆی، ئەوە بۆشایییەکی گەورەیان بۆ دروست نابێ.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەم هیلاکییە بۆ وڵاتەکەی خۆم بێ باشترە، بۆیە لە هەفتەیەکی پڕ هیلاکیدا، دوو ڕۆژم هەبوو کە پێی دەڵێن پشووی هەفتە، لەو دوو ڕۆژەدا فوول هەوڵم دەدا ئیش بۆ کورد بکەم، لە شەوەکانی ڕۆژانی دەوامیشمدا ڕێککەوتووە تا درەنگ ئیشی کوردیم کردووە، لە ئاوارەیی و غەریبیدا، یان لە کۆنسێرتەکاندا بووبێ، لە هەر شتێکی دیکەدا بێ، هەمیشە ئەوە لە خەیاڵمدا بووە و گوتوومە خۆزگە ئەم هەموو هیلاکییە، ئەم پێنج ڕۆژی هەفتەیەش بۆ کورد دەبوو.

**ڕامان:** لەبەر ئەوە هاتنەوەکەت بیرۆکەیەکی ڕاگوزەر نەبووە، لەپڕ لەلات پەیدا بووبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بەڵام بە هیچ جۆرێک بۆم نەدەگونجا، بۆیە کە بۆم گونجا و جارێکیان دۆخەکەی ئێرە باش بوو، زانکۆی سلێمانی گوتیان با بێتەوە، کە هاتمەوە لەگەڵ عەبدوڵڵا سەگرمە کۆلێژی هونەر بکەینەوە، هاتمەوە و بڕوانامەکەم وەرگێڕا، لەگەڵ ڕاگری کۆلێژ دانیشتم، دوایی گوتی بڕۆ بۆ لای سەرۆکی زانکۆ، لەگەڵ ئەویش گفتوگۆی زۆرمان کرد، هەر ئەو ئامانجە لە مێشکمدا بوو، بەڵام کە نەتوانم بێمەوە و خێزانم هەیە و منداڵم لەوێ لەدایک بووە، لێرەش وەزیفەیەک نییە پێی بژیم، ئەوە ناتوانم بێمەوە. باشە ئەوە هاتمەوە، بە چی بژیم، منداڵەکانم بە چی بژین، لەبەر ئەوە نەمتوانی، لە کاتێکدا کە پارە ڕژابوو، خەڵک لە ئەورووپاوە هەمووی دەگەڕانەوە کوردستان، پارەیان دەچنییەوە، ئاخر سەردەمانێک وا بوو، لەو کاتەدا من گرفتم نەبوو، بۆ گەشت دەهاتمەوە و هەفتەیەک، دوو هەفتە، سێ هەفتە و دەگەڕامەوە، ئەوەندەی توانیبێتم خزمەتی خۆم دەکرد.

**ڕامان:** بەڵام ساڵی ٢٠١٦، هەر کەسێکت دەدی کۆڵەپشتێکی لە کۆڵ نابوو، لە کاتێکدا کە هەموو خەڵک دەیویست بۆ دەرەوەی وڵات بڕوات، کەچی تۆ هاتیتەوە کوردستان؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەلەوێدا گوتم پێویستە بە خێرایی خۆم خانەنشین بکەم، میللەتەکەم لەوپەڕی قەیراندایە، ئاخر لەو کاتەدا لەلای من، کوردستان لەوپەڕی قەیراندا بوو، هەموو خەڵکەکە باسی قەیرانی دارایی دەکرد، بەڵام بۆ من ئەوەی لەوەش ناخۆشتر بوو، قەیرانی نەمانی بەها جوانەکان بوو، برایەتی و خوشکایەتی و دراوسێیەتی و جوانییەکان، وشەی خۆشەویستی نەمابوو، بتگوتبایە کوردایەتی، یان باسی نەتەوەت بکردبایە گاڵتەیان پێ دەکردی، خەڵک ڕای دەکرد، لە دەریای ئیجەی دەدا و خۆی و منداڵەکانی دەخنکاند، ئیدی گوتم لەم کاتەدا پێویستە و ئێستا هەلم لەبەردەستە، خۆم خانەنشین دەکەم، منداڵەکانم جێ دێڵم، هیچ شتێک لە هۆڵەندا تێک نادەم، هەموویان بۆ بەجێ دێڵم.

**ڕامان:** کەواتە لەوێوە بە نیازی کردنەوەی فێرگەیەک لە کوردستان، بە تایبەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە هاتیتەوە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، ئـەم بیرۆکەیـەم هـەر هەبوو، گوتـم دەچـم لـەوێ لـە ڕێگـەی فێرگەیەکـەوە، لەڕێـی پەیامـی مۆسـیقاوە کاری جوانتـر دەکـەم، بـەلای کەمـەوە دەچـم منـداڵان و دایـک و باوکییـان کۆ دەکەمـەوە، لـە ڕێگـەی مۆسیقاوە دەتوانـم خەنـدە بخەمـە سـەر لێویـان، دەچمـە نـاو نەخۆشـخانەکان، نەخۆشـخانەی هیـوا و قوتابخانـەکان، مۆسـیقایان بـۆ دەژەنـم، وەکـوو جـاران کـە دەنگـی ئاژەڵـەکان و مۆسـیقام بـۆ لـێ دەدان، زەردەخەنـە دەخەمـە سـەر لێویانـەوە، خـۆ ئـەو خزمەتـە کەمـەم هـەر پـێ دەکـرێ.

**ڕامـان:** هاتنەوەکـەت تەنیـا بـە ئامانجـی کردنـەوەی فێرگەکـە بـوو، ئـەی نیـازت نەبـوو لـە زانکـۆی سـلێمانی مامۆسـتایەتی بکـەی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** نەخێـر، کـە هاتمـەوە گوتـم بـا بچـم فێرگەیـەک دابنێـم، بـە شـێوەیەک داییبنێـم کـە سـەرنجڕاکێش بـێ و خزمەتێـک بـکا، بیـرم لـەوە کردەوە، فێرگەکـەی مـن وەک فێرگـەی کەسـی دیکـە نەبـێ، لـەو شـێوەیە لـە کوردسـتان نەبـێ، کـە تـۆ منداڵێـک وەردەگـری، ئۆتۆماتیـک هەمـوو خێزانەکـەی وەردەگـری، ناچاریـان دەکـەی ئەوەنـدەی دەتوانـی بـە سیسـتم و ڕێوشـوێنێک وابەسـتەیان بکـەی، ئەوانیـش ئەوەنـدەی دەتوانـن لـە فێرگـە ئامـادە بـن، کافتریایەکیـان بـۆ بڕازێنیتـەوە، فێرگەکەیـان بـۆ بکەی بـە مـاڵ، نـەک بـە قوتابخانـە.

**ڕامان:** ئەم بینایەی فێرگەکەت بەکرێ گرتووە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەمـە بـە کرێیە، ئەوەی پێشـتریش هـەر کرێ بـوو، ڕووخاندیان، ناچار هاتمـە ئێرەوە.

**ڕامان:** پـارەی کـرێ و پێداویسـتییەکانی فێرگەکە چـۆن دابیـن دەکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** لـە ئابوونەی مانگانـەی منداڵەکان دەیدەم.

**ڕامان:** منداڵەکان مانگانە پارە دەدەن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، بـەڵام بڕوات بـێ پارەی خـۆم خسـتووەتە سـەر، کەسـوکار یارمەتییـان داوم، یـەک دنیـا پـارەی خـۆم خسـتووەتە سـەر کـە پێشـتر هەمبـووە، ئاخـر کـە خانەنشـین بـووم پارەیەکـم دەسـت کەوتبـوو، هەموویـم لـە فێرگەکـە خـەرج کـرد، کـە دایـک و باوک و منداڵ و خوشـک و بـرای منداڵـەکان بێـن لـەوێ بمێننـەوە ، منداڵـەکان وا پـەروەردە بکـەم کـە هاتـن بـۆ فێرگـە، وا بزانـن ماڵـی خۆیانـە و مـن باوکیانـم، ئەوەنـدە ئارامـی و خۆشەویسـتییان پـێ ببەخشـم، ئیشـی مـن ئەمەیـە، کـە منیـان بینـی باوەشـم پێدا بکـەن، ماچـم بکەن، مـن ئـاوا بـم بۆیـان.

**ڕامـان:** ویسـتووتە وا لـە منداڵـەکان بکـەی هەسـت بـە بوونـی خۆیـان بکـەن، وایـان لـێ بکەی هەسـت بکـەن کـە هـەن، منداڵەکـە بزانـێ گوێـی لـێ دەگیـرێ و کەسـێتی خـۆی هەیـە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، منداڵەکە وا بزانێ قسـەی دەڕوا و بـە قسـەی دەکـرێ، لـە فێرگـەدا وشـەی زبر، نـە لـە گـەورە، نـە لـە بچـووک نابیسـتێ و بوونـی نییـە، پەنجـە بەرزکردنـەوە و نابـێ لەلامـان نییـە، هـەر بـە قوربـان و بـە سـەدەقە، تەنیا ئامـۆژگاری و مۆسـیقا هـەن، بـەڵام پێـی ناڵێیـن بۆچـی ڕاهێنانـت نەکـردووە، پێـش ئـەوە لـەلای ئێمـە ڕەوشـت و بەهـا جوانـەکان هـەن، پێـش ئـەوەی پێـی بڵێـی بۆچـی مۆسـیقات ئامـادە نەکـردووە، پێـی دەڵێیـن لـە قوتابخانـەدا چیـت کـرد، وانـەی چیـت وەرگـرت، نمرەکانـت چـۆنـن، نمرەکانـت بـا ببینیـن، ئـەی لـە ماڵـەوە ئیـش دەکـەی، ئیـش ناکـەی، مۆبایلەکـەت چـۆن بـەکار دەهێنـی، قـەت پێـی ناڵێـم تـۆ نابـێ مۆبایـل بـەکار بێنـی، لەبـەر ئـەوەی بـۆ ئـەم شـتانە خراپـە، قسـە هـەر لـە خۆیـان دەردەکەیـن، کۆیـان دەکەینـەوە و خۆیـان دەجووڵێنیـن، بـۆ ئـەوەی وەڵامەکەیـان پـێ بـێ و هـەر خۆیـان وەڵام بدەنـەوە.